دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥١٩

www. kurdistanukurd.com

سێ شەممە ٣١ی خەرمانان ١٣٨٨ ـ ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٠٩ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## جێژنتان پیرۆز!

ژمارەی ئەم جارەی "کوردستان" هاوکات لەگەڵ هـاتنی جێژنـی پیـرۆزی ڕەمەزان دەکەوێـتە دەسـت خوێنەران. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە موسوڵمانانی جیهان بەگشتی و بە تایبەتی موسوڵمانانی کوردستان دەکەین.

کوردستان

سیاسی



**بە بۆنەی ١٧ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی وهاوڕێیانیەوە**

سیاسی



**بە بۆنەی پێکهاتنی پلنیۆمی کومیتەی ناوەندییەوە**

### خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لە حەڤدەیەمین ساڵڕۆژی شەهید کرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا :

# حیزبی دێموکراتی کوردستان دەتوانێ بە سەرکەوتنەوە قەیرانەکانی تێپەڕ بکا




لە کۆبـوونەوەیەکی گشـتی دا کە لە حەڤدەیەمین ساڵڕۆژی شەهید کرانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو، سکرتێری گشتی حیزب خالید عەزیزی وێڕای یاد کردنەوەی ڕووداوی تیرۆری میکونووس و ڕێز گرتن لە شەهیدانی ئەم کارەساتە، وتارێکی لە بارەی باس و بڕیارەکانی تازەترین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پێشکەش کرد. بەڕێز عەزیزی لە بارەی شەهادەتی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانییەوە وتی:

ئێمە ئەمڕۆ لە ڕۆژێك دا کۆبووینەوە کە ١٧ ساڵ پێش ئێستا لە ٢٦ی خەرمانان واتە ١٧ی سێپتامبر دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات، کاك فەتاح عەبدلی و کاك هومایوون ئەردەڵان کە بۆ جێبەجێ کردنی بەشێك لە پرۆژەکانی حیزبی دێموکرات لە ئورووپا دەیانەویست دەورونەخشی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە خەباتی سەرتاسەری ئێران دا بگێڕن و جێگەیەکی بۆ ببیننەوە . حیزبی دێموکرات ئەو وەختی موبتەکیری لێك نزیکبوونەوە بوو بە داخەوە کەوتنە بەر هێرشی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کران. یادیان بەرزو ڕێگەیان پڕ ڕێبوار بێ. بەدوای ئەم تیرۆرەش دا دەرکەوت حیزبی دێموکرات ئەگەر ئەو جۆرە پیلانانەشی لە دژی بگێڕن و ڕێبەرانی تیرۆر بکرێن و قەیرانی بۆ دروست بکرێ، ئەم حیزبە ئەو قەیرانانە تێپەڕ دەکا. تێپەڕ کردنی قەیرانیش لە حیزبێکی جەماوەری دا نە بە سکرتێرەکەی و نە بە کۆمیتەی ناوەندییەکەی و نە بەدەفتەری سیاسییەکەی، بە هەمووی ئێوە بە یەکڕایە. بۆیە ئاوا دەڵێم هەمووی ئێمە بەیەکەوە دەتوانین ئەم حیزبە سەربەرز بکەین، پرۆژەکانی ئەو حیزبە جێبەجێ بکەین و گرفتەکانی ئەو حیزبەش چارەسەر بکەین.

سکرتێری گشتیی حیزب دواتر هاتە سەر باسی ڕووداوەکانی ئێستای ئێران و کاریگەریی جووڵانەوەی سەوز لە سەر ئاراستە بەخشین بە ڕووداوەکانی بە پرسێکی زۆر گرینگ دانا و ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەرکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەوەیە کە یارمەتیی ئەو جووڵانەوەیە بدا تا درووشمەکانی ڕادیکاڵتر و حزووری خەڵک جەماوەریتر بێتەوە .

**لەم پێوەندییەدا ڕاپۆرتێک لە لاپەڕە ٢ی ئەم ژمارەییەدا بخوێنەوە**

## شکستی سەرشۆڕانە لە ڕۆژی قودس دا

قادر وریا

دوا هەینیی مانگی ڕەمەزان کە لە ٣٠ ساڵ لەمەوبەرەوە، لە لایەن خومەینییەوە بە ڕۆژی قودس (ڕۆژی هاو پێوەندیی جیهانی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین) ناودێر کراوە، ئەگەر هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی مەینەتچێشتووی فەلەستین بەدواوە نەبووە، لە بەرامبەردا بۆ ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران دەسکەوتی جۆراوجۆری هەبووە. یەك لەو دەسکەوتانە گرتنی ژێستی لایەنگری لە فەلەستینییەکان و لە سۆنگەی هەراوهوریای تایبەت بەم ژێستەشەوە، هەڵخەڵەتاندنی خەڵکێك لە نێو ئێران و وڵاتانی ئیسلامی دا و ڕاگوێزتنی سەرنجی ئەوان لە ڕووداوەکانی ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکان بە تایبەتی بۆ لای "داگیرکەرانی قودس" ە.

ئەمساڵ، بە بەرەکەتی وریایی خەڵکی ئێران و شێلگیر بوونیان لە سەر خەبات بە دژی دەسەڵاتدارانی کودەتاچی، ڕۆژی قودس ئاکامێکی پێچەوانەی لێ کەوتەوەو، ڕۆژی قودس و ڕێپێوانی تایبەت بەم ڕۆژە، سەرنجی جیهانییەکانی بردەوە سەر ئەو ململانێیە کە لە نێوخۆی ئێران و لە سەر شەقامەکان لە نێوان خەڵکی ئێران و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان لە گۆڕێ دایە.

پاش ٣ مانگ سەرکوتی خوێناویی ڕێپێوان و خوپێشاندانەکانی خەڵکی ناڕازی لە کودەتای ٢٣ی جۆزەردان و، سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی لەلایەن ڕێبەری ڕێژیم و دەوڵەتی کودەتاوە بە مەبەستی موهەندیسیی دڵخوازانەی ڕێپێوانی ڕۆژی قودس دران، ڕێپێوانی ئەمساڵی ڕۆژی قودس نەك هەر بە قازانجی ڕێژیم نەشکایەوە، بەڵکوو بوو بە دەرفەتێك بۆ خۆ نواندنەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی و، بووژانەوەی گیانی بەرخۆدان و باوەڕ بە خۆ بوون لە نێو میلیۆنان ئێرانیی وەزاڵەهاتوو لە ستەم و دیکتاتۆری.

جڵەو بەدەستانی دەوڵەتی کودەتا لە ٢٣ی جۆزەردانەوە تا ڕۆژی قودس، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ شەپۆلی چەندین میلیۆنیی خەڵکی ناڕازی دا هەموو سنوورەکانی دڵڕەقی و وحشیگەرییان بڕی. لە وەرێختنی جۆگەلەی خوێن لە نێو حەوش و حەساری زانستگەکان و دروێنەی بەشدارانی خۆپێشاندانی هێمنانەوە بگرە تا دەستدرێژی بۆ سەر کچان و کوڕانی لاو لە نێو بەندیخانەکان دا، هەموویان تاقی کردەوە. بە پاوانکردنی ڕادیو و تەلەڤیزیۆن و سانسۆر و داخستنی ڕۆژنامە جیابیرەکان نەوەستان و، پێش نوێژیی نوێژی هەینییشیان لە پاوانی خۆیان گرت بۆ ئەوەی لەم تریبوونەش تەنیا بە قازانجی دەوڵەتی کودەتا و بەدژی بزووتنەوەی جەماوەری کەڵك وەربگرن. لە دوای ٣ مانگ ئەشکەنجە و ئازاردانی سیماکانی بزووتنەوەی ڕیفورمخوازی، بە ناو دادگایەکیان وەڕێ خست و لە تەلەڤزیون بڵاویان کردەوە. لە هەڕەشەی گرتن لە مووسەوی و کەڕووبیش نەپرینکانەوە و تا ئاستی گرتنی نزیکترین کەسەکانی ئەوان و ئەندامانی بنەماڵەکانی یاران و ڕێبەرانی تا دوێنێی نیزامەکەیان چوون. لەم هەموو هەوڵ و تەقەللایەیان ئاکامێکی ئەوتۆیان وەرنەگرت و، دیتمان کە سەر دانەنواندن بۆ ڕێبەری و ڕاوەستان لە بەرامبەر دەوڵەتی کودەتا، بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە. تەنیا شتێك کە دەیانتوانی دڵی خۆیانی پێ خۆش بکەن، سەرکەوتنیان لە پێشگیری لە ڕێپێوانی گەورەی خەڵکی ناڕازیدا بوو.

ل ٢

## ئێرانییەکان، سەفەری ئەمساڵ بۆ نیویورک لە ئەحمەدی نەژاد تاڵ دەکەن



ئەحمەدینەژاد، سەرۆکی دەوڵەتی کودیتا، بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا بەرەو نیویۆرك وەڕێ کەوتوە. بەڵام لە هەموو

نیشانەکان را دیارە کە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات، سەفەری ئەم ساڵ لە ئەحمەدینەژاد تاڵ دەکەن. بڕیارە هەزاران ئێرانی دانیشتووی ئەمریکا، ڕۆژی ٢٣ی سیپتامبر بۆ بێزاری دەربڕین لە حکوومەتی دیکتاتۆریی و ناڕەزایەتی دەربڕین لە بەشداریی سەرۆکی دەوڵەتی کودیتا لە کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دا، لە بەر دەرکی ئەو ڕێکخراوە کۆببنەوە. پێش بینی دەکرێ زیاتر لە ١٠ هەزار کەس لەم خۆپێشاندانە ئێعترازییەدا بەشدار بن.

## زنجیرەیەک کوشتنی گوماناوی لە نێو شاری سنە



شاری سنەو سەرۆکی کانوونی داکۆکی لە مافی زیندانیان کەوتە بەر هێرشی کەسانی نەناسراوو کۆژرا.

دوای ئەوەی ڕۆژی ١٨ی خەرمانان قازییەکی دادگای سنە لە شەقامی بێعسەتی ئەو شارە لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە تەقەی لێ کرا، زنجیرەیەك ڕووداوی کوشتن ئەو شارەی گرتەوە. شەوی ٢١ی خەرمانان، مەلابورهان عالی پێش نوێژی هەینیی شاری سنە و مەلای مزگەوتی قەبا کوژرا، ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان قازییەکی سەر بە کۆمەڵگەی قەزایی سنە بە ناوی حەسەن داوتەڵەب تەقەی لێ کراو هەروەها ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان مەلا محمد شیخ الاسلامی پێش نوێژی هەینیی شاری سنەو نوێنەری پارێزگای سنە لە مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی گیانی لێ ئەستێندرا. لە دوایین ڕووداودا ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان مێهدی تەخت فیرورزە سەرۆکی پێشووی شوورای

تائێستا هیچ کەس یان لایەنێك بەرپرسایەتیی ئەو ڕووداوانەی وەئەستۆ نەگرتوەو وێدەچێ ئەو زنجیرە ڕووداوە بەئامانجی تایبەت وەڕێ خرابن.

## بە تاوانی ناڕەزایەتی دەربڕین لە ڕۆژی قودس دا ٢٠٠ کەسی دیکە کەوتنە زیندان



بەدوای بەشداریی سەدان هەزارا کەس لە خۆپیشاندانی ئێعترازیی ڕۆژی قودس لە تاران و هێرشی هێزە لیباس شەخسییەکان و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی ناڕازی گیراون.

هەواڵنامەی ئەمیرکەبییر ڕایگەیاند کە ژمارەی ڕوونی گیراوەکانی لە بەردەست دا نیە.بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار گوتی زیاتر لە ٢٠٠ کەس لەو خۆپیشاندەرانە گیراون. لە شارەکانی دیکەی ئێرانیش بۆ وێنە شیرازو تاران، دەیان کەسی دیکە لەم پێوەندییەدا گیراون. ژمارەیەکی زۆر لەو بنەماڵانەی بە شوێن چارەنووسی گیراوەکانەوەن، هەر ئێستا لە بەرامبەر دادگای شۆڕش و زیندانی ئێوین دا کۆبوونەوە.

مالپەری: "ایران امروز"

## کاربەدەستانی قەزایی و ئینتیزامی دەستیان لە ڕووداوەکانی کەهریزەک دا هەبووە

بوولتەنی نهێنی خەبەریی حیزبی "موتلفە اسلامی" لە هەواڵێك دا باسی ڕاپۆرتی هەیئەتی تایبەتیی شوورای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکانی کەهریزەکی کردوە. ئەم هەیئەتە دوای لێکولێنەوەکانی گەیشتۆتە ئەم ئاکامە کە سەرۆکی ئەم گرتووخانەیە بە ئەمری ڕاستەوخۆی کاربەدەستێکی پایەبەرزی ئینتیزامی ڕەفتاری توندوتیژی لەگەڵ گیراوەکان کردوە. ئەو دادیارەش کە لەگەڵ ئەم کاربەدەستە هاوکاریی کردوە، بە ئەمری کاربەدەستێکی پایەبەرزی قەزایی بەم جۆرە لەگەڵ گیراوەکان جووڵاوەتەوە.

بە پێی ڕاپۆرتەکە، گیراوەکانی کەهریزەك لە هەلومەرجێکی زۆر نالەبار، نائینسانی و پێچەوانەی شەرع دا گیراون و لەگەڵ دەستدرێژیی سێکسی، ئەشکەنجەی ڕوحی و جیسمی و خواردنی نەگونجاوو هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە بەرەوڕوو بوون. لە ڕاپۆرتەکەدا زۆر نموونەی دیکە لە ڕەفتارو کردەوەی کاربەدەستانی کەهریزەك لەگەڵ گیراوەکان باسیان کراوە کە بوولتەنی نهێنی خەبەری، لەبەر هۆی ئەخلاقی و ئەمنییەتی لە ناوبردنیان خۆی پاراستوە.

# سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بارەی تازەترین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی دوا

لە کۆبوونەوەیەکی گشتی‌دا کە پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە، ٢٦ ی خەرمانان بە بەشداریی ئەندامانی رێبەری و پێرسۆنێلی کۆمیسیۆنەکان و ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب لە کوردستان بۆ باس لەسەر تازەترین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هات، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر باس و بڕیارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە قسەی کرد.

کۆبوونەوەکە بە راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت شەهیدانی ٢٦ ی خەرمانانی میکۆنووس دەستی پێ کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی باسێکی کورتی لە سەر چۆنیەتیی شەهیدکرانی د. شەرەفکەندی و هاورێیانی کرد کە



لە کاتێک دا بۆ راپەڕاندنی پرۆژە سیاسییەکانی حیزب و دروستکردنی بەرەیەکی سەرتاسەری دژی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ نوێنەرانی ئەحزاب و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێرانی لە دەوری یەک کۆ ببوونەوە، کەوتنە بەر دەسرێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی.

کاک خالید لەم پێوەندییەدا وتی دەرکەوت کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر ئەو جۆرە پیلانانەشی بۆ دابنرێ و ئەگەر وەها قەیرانێکی گەورەشی بۆ ساز بکرێ، بەم هۆیەوە کە حیزبێکی جەماوەری و خاوەن ریشەیە دەتوانێ ئەو قەیرانانانە تێپەڕ بکا و لە گۆڕەپان دا سەرکەوتوو بێتە دەرێ.

کاک خالید لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە باسە سیاسییەکانی کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی کرد و روانین و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەبارەی بزووتنەوەی ئیعترازیی خەڵکی ئێران لە دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان هێنایە بەرباس.

سکرتێری گشتیی حیزب ئاماژەی بە باردۆخی سیاسیی ئێران کرد کە چۆن دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان کەوتۆتە ئاقارێکی دیکەوە و، ئەوە کە چۆن ئێستا بزووتنەوەی سەوز توانیویەتی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە تووشی ئاڵۆزی و چالش بکا.

هەر لەو پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە هەڵبژاردنەکەی وەبیر هێنایەوە کە ئەو هەڵوێستە زۆر پێش لە هەڵبژاردنەکان و بە دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوە و وردبینی‌یەوە لە لایەن حیزبەوە خوێندنەوەی بۆ کرا و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان توانی بە کەلک وەرگرتن لەو دەرفەتە پرسی کورد و ناوی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێراندا بێنێتەوە گۆڕێ.

سکرتێری گشتیی حیزب دواتر هاتە سەر باسی رووداوەکانی ئێستای ئێران و کاریگەریی جووڵانەوەی سەوز لە سەر ئاراستە بەخشین بە رووداوەکانی بە پرسێکی زۆر گرینگ دانا و ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەرکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەوەیە کە یارمەتیی ئەو جووڵانەوەیە بدا تا درووشمەکانی رادیکالتر و حزووری خەڵک جەماوەریتر بێتەوە و ئاماژەی بەوەش کرد کە قەرار نیە ئێمە سەد لە سەدی رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە تەئیید بکەین. گرینگ ئەوەیە کە ئەو جووڵانەوەیە کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا بباتە ژێر پرسیار و کارتێکەریی لە سەر گۆڕان بە قازانجی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەبێ. کاک خالید ئەوەشی لێ زیاد کرد کە بەشی ئێمە لە دەسکەوتەکانی ئەو گۆڕانە بە قەرا بەشداریی ئێمە لەو جووڵانەوەیەدا و یارمەتیکردنی بە سەرکەوتنی ئەو حەرەکەتەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاماژەی بە هەوڵی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان سەبارەت بە دروستکردنی هاوپێوەندیی هەرچی زیاتر لەنێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کرد و پێشکەوتنەکان و دەسکەوتەکانی ئەو هەوڵەشی بۆ ئامادەبووان شی کردەوە.

باس لە پرسە نیوخۆییەکان و باسە تەشکیلاتیەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەشی کۆتایی قسەکانی کاک خالید عەزیزیی پێک هێنابوو کە دواتر لە لایەن ئامادە بووانەوە زیاتر خرایە بەرباس و کاک خالید عەزیزی لەو پێوەندییەدا وەڵامی پرسیاری ئامادە بووانی دایەوە.

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادی ١١ شەهیدی مانگی گەلاوێژی ٨٨ لە وڵاتی سوئێد

رۆژی ٦ی سێپتامبر لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی سۆئێد، سمینارێک بەهاوبەشیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و بە بەشداریی سەدان کەس لە نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان، کەسایەتییە سیاسییە کان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی ١١ شەهیدی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان پێک هات.

ریوڕەسمەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێی ئازادیی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە لایەن کاک حەمید ساعەتی، بەرپرسی کۆمیتەی سوئێدی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشکەش کرا. لەبەشێک لە و پەیامە هاوبەشەدا وێرای ڕێزگرتن لە ١١ شەهیدی نوێی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، دەستی هاوکاری و هاوخەباتی بۆ هەموو لایەنە سیاسی‌یەکانی گۆڕەپانی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی درێژ کرا بوو و ئاورێکی خێراش لە خەباتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد درابۆوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ریوڕەسمە دا بەڕێزان رەزا کەعبی و سەعید بێگزادە بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وتاری حیزبەکانیان بەو بۆنەیەوە پێشکێش کرد.

کاک سەعید بێگزادە لە بەشێک لە پەیامەکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەی کە پێی لەسەر ئەو خاڵە گرینگە داگرتەوە کە رووناکبیران و چالاکانی سیاسیی کورد پێویستە لە چارەنووسی نەتەوەکەماندا بەشدارو چالاک بن، ئەوەشی خستە روو کە هەڵوێستی ئەمجارەی هێندێک لەو چالاکانە یەک لایەنەیە و خۆ پێوەماندووکردنی پێویستی لەگەڵ نەبووە. لە بەشێکی دیکەی وتاری کاک سەعید دا بانگەواز بۆ یەکریزی و هاوخەباتیی نێوان هێزەکان کرایەوەو ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە ئاست ئەم پرسە گرنگەدا راگەیاند.

چەند برگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە بریتی بوون لە خوێندنەوەی:

• پەیامی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمیتەی سوئێد • پەیامی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) لە لایەن کاک کیومەرس• چەند وتەیەکی بەهەست و بەتین و سروودێکی شۆرشگێری لە لایەن هونەرمەندی دەنگخۆش و ناسراوی گەلەکەمان کاک نەجمەدین غولامی • پەخشانێک لە لایەن کاک ئێقباڵ سەفەری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدک لە سەر گەورەیی ئەو سێ پۆلە شەهیدە• پەیامی پلاتفۆرمی نەتەوەیی بۆ کوردستان • پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دیرینەکانی کوردستان لە لایەن کاک سەلاح جەلیلی• پەیامی ناوەندی گشتیی کۆمەڵەی سوئێدی کوردی لە لایەن کاک مەسعوود دیماسی بەرپرسی ئەو کۆمەلەیە• پەیامی کۆمەڵگای گەشەو بەرەوپێشچوونی کوردستان لە لایەن کاک تەیموور موورادی• پەیامی بزووتنەوەی دێموکراتیکی یارسان لە لایەن کاک عەلی ئەسغەر خوسرەوی

• وتارێک لە لایەن کەسایەتیی تێکۆشەری کورد کاک سەید عەلی هاشمی لە سەر یە کگرتن و تەبایی نێوان هێزەکان• پارچە هەڵبەست و هۆنراوەیەک بۆ ١١ شەهیدی مانگی گەلاوێژ لە لایەن کاک مەلا محەممەد گۆمانی

شایانی باسە کە ئەوە بۆ یەکەم جارە کە دوو حیزبی کوردستانی بۆ بەرز ڕاگرتنی خەباتی ڕۆڵەکانی خۆیان پێکەوە و بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر کۆڕو کۆبوونەوە و سمینار پێک دێنن، هەر بۆیە خەڵکێکی زۆر بۆ ئەم یادە کۆببوونەوە و بەو شێوەیە ڕێزیان لە خەبات و تێکۆشانی ئەو سێ پۆلە شەهیدەی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان گرت.

# کەسایەتی و روانگەکانی دوکتور شەرەفکەندی لە سمینارێك دا

لە حەڤدەهەمین ساڵوەگەڕی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا، کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمینارێکی بۆ باس لە بارەی کەسایەتی و روانگەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی پێك هێنا.

لەم سمینارەدا کە ئەندامانی رێبەری و، کادرەکان و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کەمپەکانی نزیك بە دەفتەری سیاسی تێی دا بەشدار بوون، بەڕێزان مستەفا مەولوودی و قادر وریا، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، هەریەك باسێکیان لە بارەی دوکتور شەرەفکەندیی نەمرەوە پێشکەش کرد.

مستەفا مەولوودی لە سەرەتای باسەکەی دا ئاماژەی بەوە کرد دوکتور شەرەفکەندی لە حاڵێك دا ژیان لە شارو مامۆستایەتیی لە زانکۆی بەجێ هێشتبوو، زۆر هاسان خۆی لەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی و هەڵکردن لە



بنکەی پێشمەرگە و شاخ و داخی کوردستان، راهێنا. ئەوندە خاکی و "متواضع"بوو کە هەموو هاورێیان بەراحەتی دەیانتوانی مەسەلەکانی خۆیانی لەگەڵ باس بکەن.

مەولوودی، لە درێژەی باسەکەی دا ئاماژەی بە مودیرییەتی دوکتور شەرەفکەندی کرد کە پێکهاتەیەك بوو لە جیددییەت، ئازایەتی، سەراحەت، استعداد و پڕکاری، بە جۆرێك کە وایان کردبوو ئەم رێبەرە جێ پەنجەی بە زۆر بواری کاری حیزبی وەك رادیۆ، رۆژنامە و تەشکیلاتی حیزبەوە دیار بێ. زۆر تایبەتمەندیی بەرز و بەنرخ لە د. شەرەفکەندی دا هەبوون بۆیە بە دوای شەهید بوونی د. قاسملوودا، کومیتەی ناوەندیی حیزب دوکتور شەرەفکەندیی بە سکرتێری گشتی حیزب هەڵ بژارد. د. شەرەفکەندی بە لێهاتوویی خۆی توانی کەلێنی لە دەستچوونی قاسملوو پڕ بکاتەوە و ئەو ئۆمیدە بدا کە بێ قاسملوویی بە حیزبەوە دیار نەبێ.

ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزب، دواتر باوەڕی د. شەفکەندی لە بارەی مافی نەتەوەکان و پێویستیی پێکهاتنی بەرەیەك لە حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان و ئێران بە مەبەستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و جێگرکردنی دێموکراسی لە ئێران

درێژەی لە ل ٦

درێژەی ل ١

# شکستی سەرشۆڕانە لە رۆژی قودس دا

ئەمە ئەگەر لە لایەکەوە بۆ خۆیان دڵخۆشییەکی خۆ فریودەرانە بوو، بۆ خەڵکی ناڕازی و ئۆگرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە دەر و ژووری وڵات تا رادەیەك مایەی نیگەرانی بووو، ئەم پرسیارەی دروست کردبوو کە بڵێی ئەم بزووتنەوەیە دوای ئەم سەرکوتە بێڕەحمانەیە و ئەم هەمووە قوربانی و هەزینەیە کە دای، هەستێتەوە سەرپێ و شەقامەکانی ئێران سەوزپۆش بکاتەوە؟ رێپێوانی رۆژی قودس تاقیکردنەوەیەکی زۆر گرنگ بوو. ئەمجارەش خەڵك لە هەرەشەکانی نوێژی هەینیی رێبەری نیزام و، ئولتیماتۆمەکانی دەوڵەتی کودەتا و فەرماندەرانی سوپای پاسداران نەسڵەمینەوە و، هاتنەوە سەر شەقامەکان تا پێیان نیشان بدەنەوە، تاوان و جینایەتەکانی ٣ مانگی رابردوو نەك هەر چاوترسێنی نەکردوون، بەڵکوو لە سەر بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم رێژیمە شێلگیرتری کردوون.

خەڵکی ئێران ئەمساڵ لە رۆژی قودس دا، شکستی سەر شۆڕانەی دەسەڵاتدارانی کودەتاچی و خوێنرێژیان لە بەرامبەر یەکگرتوویی و شێلگیریی خۆیان دابینێ. ئەو هێزەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی، سەرەڕای هەموو مەترسییەك وهەرەشەی دەسەڵاتداران، هێنایە سەر شەقام، گوشەیەکی بچووك بوو لە کۆی هێزی ئەم بزووتنەوەیە. بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەمرۆی ئێران لە سنوور و چواچێوەی ئەم یان ئەو حیزب و رێکخراو و کەسایەتی دەرچووە و هەموو خەڵکی ئێران هومێدیان پێ بەستووە و کاری بۆ دەکەن. ئەم بزووتنەوەیە دەتوانێ تامی زۆر شکستی گەورەتر بە خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد و دەسەڵاتە جەهەننەمییەکەیان بچێژێ، بە مەرجێك خەڵکی ئێران لە ژوورەوە و دەرەوەی وڵات لە سەر بەشداری و پشتیوانی لێکردنی، بەردەوام بن.

# ڕێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی ١٨٩ی سەرەتایی پێشمەرگە

سەر لە بەیانیی رۆژی دووشەممە ٢٣ی خەرمانان بە بۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەی (١٨٩) ی سەرەتایی پێشمەرگە ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی ژمارەیەکی بەر چاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵۆنی بۆنە و



ڕێوڕەسمەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەڕێوە چوو. ڕێوڕەسمی کۆتایی ئەم دەورەیە کە بە ناوی دەورەی شەهیدانی ٣٠ی گەلاوێژی ٨٨ ناودێر کرا، سەرەتا بە رێژەی نیزامیی پێشمەرگەکانی دەورە دەستی پێ کرد. پاشان ڕێوڕەسمەکە گوازرایەوە بۆ ساڵۆنی گشتیی ڕێوڕەسمەکان و لەوێ دوای خوێندنەوەی سروودی ئەی رەقیب، کاک حەسەن خۆشکەلام، بەرپرسی ناوەندی ٢ ی کوردستان وتەیەکی پێشکەش بە بەشداران و پێشمەرگەکانی ئەم دەورەیە کرد .

دوای قسەکانی حەسەن خۆشکەلام، گورانییەک لە لایەن بێهزادی کارساز، یەکێک لە بەشدارانی دەورەوە پێشکەش کرا. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا راپۆرتی ئامووزشیی فێرگە لە لایەن " شەهاب مەحموودی" خوێندرایەوە و بە دوای ئەودا ئاکام ئابستان یەکێکی دیکە لە بەشدارانی دەورەوە گورانییەکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

خوێندنەوەی راپۆرتی دەورەی ١٨٩ برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوو کە لە لایەن یەکێک لە پێشمەرگەکانی دەورە بە ناوی سەید ئیبراهیم حوسێنی خوێندرایەوە.

پاشان نۆرە گەیشتە پێشکەش کرانی خەلاتی سەرکەوتووکانی دەورەی ١٨٩ و خەلاتەکان لە لایەن کاک قادر قادری و سەید عەولا حوسێنیەوە پێشکەش بە پێشمەرگە سەرکەوتووەکانی ئەم دەورەیە کرا . بە دوای ئەو دا ڕێوڕەسمەکە بە ئاهەنگی شایی و خۆشی کۆتایی پێ هات.

## پەیامی دەفتەری سیاسی

# به بۆنەی ١٧ ساڵەی شەهیدکرانی دوکتور شەرەفکەندی وهاوڕێیانیەوە

**هاونیشتمانانی خەباتگێر!**
**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**ئەندامان، لایەنگران‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

حەڤدە ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١(١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) دا دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب‌و بەرپرسی پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزب لە ئورووپا، هومایوونی ئەردەلان کادری حیزب‌و نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئەڵمان‌و نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئێرانی دۆستی حیزب، لە ڕێستورانێك بە ناوی میکۆنووس لە شاری بێرلین پێتەختی ئەڵمان کەوتنە بەر دەسڕێژی چەکی تیرۆریستەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و شەهید بوون.

تێرۆری د.سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی سێ ساڵ دوای تێرۆری گەورەپیاوی ناوداری کورد د.عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و عەبدوڵلا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە شاری ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش بە دەستی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا. هەر بۆیە لە لایەك بەهۆی ئەوەی کە لە ماوەیەکی ئاوا کورت دا حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردستان دوو ڕێبەرو چەند کادری ڕێبەریی لە دەست دا، خەسارێکی گەورەو زەبرێکی بە ژان بوو. لەلایەکی دیکەش بە هۆی ئەوەی کە دووەمین جار بوو ڕێبەرانی پلەیەکی کورد ئاوا بە ئاسانی لە داوی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامی دەکەوتن، زۆر جێگەی داخ بوو. ئەزموونێك کە کوردو بزووتنەوەکەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەم دوو ڕووداوە تاڵە دا لە فێڵبازی‌و ڕق‌و کینی دوژمنانی کورد لە لایەك‌و کەمتەرخەمیی ڕێبەرانی کورد لە پاراستنی گیانی خۆیاندا دەستی کەوتوە، بەداخەوە بە نرخێکی زۆر گران تەواو بوو.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی لەو تێکۆشەرە بە توانایانەی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی بوو کە توانی دوای تێرۆری ڕێبەری لێوەشاوەی کورد، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەك بەرچاوترین هێزی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە باشی ئیدارە بکاو لە ڕاستی دا جێگەی د.قاسملوو بە لێهاتوویی‌و کارزانیی خۆیەوە پڕ بکاتەوە. ئەو بەهۆی لێبڕاوی‌و باوەڕی پتەوی بە خەبات‌و تێکۆشان نەی‌هێشت دوودڵی‌و ناهومێدی باڵ بەسەر بزووتنەوەی کورد دا بکێشێ‌و ئەزموونێکی لەو قۆناغە تاڵ‌و ئەستەمە بەدەستەوە دا کە دوای شەهیدبوونی خۆشی کەڵکی زۆری بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوو.

د. سادقی شەرەفکەندی یەکێك لەو بژاردانەی کورد بوو کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا ڕۆڵێکی زۆری لە دەوڵەمەند کردنی ئەدەبیاتی سیاسی‌و تیئۆریزە کردنی سیاسەتەکانی حیزب دا هەبوو. خاوەنی بیروبۆچوونی وردو ئیستدلالی بەهێز لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی حیزب و لە دیفاع لە هەقانیەتی مافی نەتەوایەتی‌و دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکەی‌دا بوو. شارەزایی‌و



هەرلەوکاتەش دا خاکەرایی، ڕاستگۆیی‌و شەفافیەت لەبیروبۆچوون دا لەو تایبەتمەندیانە بوون کە نفووزو خۆشەویستیی ئەویان لە نێو هاوسەنگەرانی دا بردبووە سەرێ‌و بە هۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە ببوو بە ڕێبەرێکی بە بڕشت‌و جێگەی متمانەو پەناگە لە کاتی تەنگانەو ڕۆژانی سەخت دا.

دووەم خاڵی جێگای سەرنج و پێزانین لە پێوەندی لەگەڵ تیروری میکونووس دا هەڵوێستی شیاوو جێگەی ئافەرینی دەزگای قەزایی ئەڵمانە کە لە دادگای میکۆنووس دا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی بە بڕیاردەری ئەم جینایەتە زانی‌و مەحکووم‌و ریسوای کردن. ئەم هەنگاوە لە لایەك نەی‌هێشت پەروەندی میکۆنووس وەك پەروەندەی تیروری ڤیەن ببێتە فیدای سات‌و سەودای بازرگانی‌و لە لایەکی دیکەش زەبرێکی قورسی لە ئابروو و ئیعتیباری کۆماری ئیسلامی لە نێو بیروڕای گشتیی جیهان دا.

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**

د.سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی لە کاتێکدا بە دەستی تێرۆریستانی سەر بە کۆماری ئیسلامی شەهید بوون کە لە کاتی وتوویژ لەگەل ژمارەیەك لە تێکۆشەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە مەبەستی لێك نزیك کردنەوەی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دا بوو. د. شەرەفکەندی زۆر بە باشی لەو ڕاستی‌یە گەیشتبوو کە یەکێك لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لەسەر دەسەڵات، پەرش‌وبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن‌و لە ئاکام دا لاوازیی ئەوانە. حەڤدە ساڵ دوای ئەم ڕووداوە بەداخەوە ئێستاش ئەو ئاواتە نەهاتۆتە دی‌و کۆماری ئیسلامییش دوای ئەم ڕووداوە دەیان کەسایەتیی دیکەی کوردو ئێرانی لە دەرەوەو لە نێوخۆ تێرۆر کردوەو درێژەی بە دەسەڵاتی جەهەننەمیی خۆی داوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی لە دوای هاتنە سەرکاری‌یەوە بە زمانی چەك‌و لە ڕێگەی هێزی نیزامی‌و تێرۆرەوە تێکۆشەرانی سیاسیی کوردو ئێرانیی لە نێو بردوەو سەرکوتی کردوون، ئەمڕۆ هەر بەم شێوەیەوە هەر بەم ڕێگەیە دا تێکۆشەرانی مەدەنی‌و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران سەرکوت دەکا. ئەم ڕێژیمە خۆپێشاندانی ئیعترازیی خەڵکی ئێران لەدژی کودیتای ٢٣ی جۆزەردان، هەر بەوە شێوەیە سەرکوت کرد کە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی پێ سەرکوت دەکرد.

کەوابوو کۆماری ئیسلامی دوژمنی هابەشی هەموو خەڵکی ئازادیخوازو هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانە. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا بە تایبەتی کە ڕۆژلەگەڵ ڕۆژ کۆماری ئیسلامی پێگەی خەڵکیی لەدەست دەداو ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەم ڕێژیمە پەرە دەگرێ، پێویستیی هاوکاری‌و هەماهەنگی لە نێو هێزە ئازادیخوازەکانی سەرانسەری ئێران دا زیاتر خۆی دەنوێنێ. لە هەلومەرجێکی ئەوتۆ دا لەسەر هێزە ئازادیخوازەکانە کە وێڕای هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی لێك نزیك بوونەوەو هەماهەنگی‌و هاوکاری لەگەڵ یەکتر، سروشتی ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازو مەدەنی‌یەی خەڵکی ئێران بناسن‌و پشتیوانیی لێ بکەن‌و هەوڵ بدەن‌و هاودەنگی‌و هاودڵی‌یەکی بەرین لە هەموو ئازادیخوازانی دەرەوەو ژوورەوە پێك بێنن. ئەم هەنگاوە هیوا بە سەرکەوتن بەهێز دەکاو داهاتوویەکی ڕوون دەخاتە بەر چاوی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێناوە دا لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران کە باوەڕیان بە دێموکراسی‌و دابین بوونی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران هەیە، ئامادەی هاوکاری‌یە. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لەسەرەتاوە باوەڕی بەو سیاسەتە هەبووەو ئێستاش ئامادەیە کە بە هاوکاریی هەموولا **ڕێگە** چارەیەك بۆ نزیکبوونەوو هاوکاری لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکان بدۆزێتەوە.

**خەڵکی ئازادیخوازو خەباتگێڕی کوردستان!**
**ئەندامان‌و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی حەڤدە ساڵ لەمەوبەر هەرچەند زەبرێکی قورس‌و بەژان بوو کە وەبزووتنەوەی کورد بەگشتی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان بە تایبەتی کەوت، بەڵام بە خۆشی-یەوە ڕێگای د. شەرەفکەندی هەروا بەردەوامەو بێگومان تا وەدیهاتنی ئامانجەکانی هەر بەردەوام دەبێ. ئەوە دەرسێکە کە د. سادقی شەرەفکەندی دوای شەهیدبوونی ماموستای گەورەمان د. قاسملووی نەمر بە کردوە فێری کردین. لە ماوەی حەڤدە ساڵی رابردوو دا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەورازو نشێوی زۆری دیوە بەڵام هەروا لە مەیدان دایە. ئەگەر لەو کاتەوە وردە وردە بە هۆی هەلومەرجی سیاسیی ناوچە، تاکتیکی خەباتی چەکدارانەی وەلا ناوە، لە بواری کاری تەشکیلاتی‌و دیپلۆماسی‌و ڕاگەیاندنەوە حوزوورێکی چالاکترو بەربڵاوتری هەیە. ئەو حوزوورە لەلایەك بۆ وشیاریی ڕۆڵەکانی کوردو پێویستیی درێژەدان بە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایتی-یەکانیان دەگەڕێتەوەو لەلایەکی دیکەش بە ئیلهام لە بیرو باوەڕو تێکۆشانی د. شەرەفکەندی‌و شەهیدانی دیکەی ڕێبەرە.

مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی لەنێوبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و لاواز کردنی بزووتنەوەی کورد بوو. ئەگەر چاوێك بە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی کوردستان دا بخشێنین کۆماری ئیسلامی لەو ئامانجەی دا تووشی ناکامی بووە. ئەمڕۆ جگە لەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا لە مەیدان دایە، چەند هێزی ئازادیخوازی دیکەی کورد لە مەیدان دان. ئەم هێزو لایەنانە هەرچەند بەداخەوە یەکیەتی‌و هەماهەنگی‌یەکی چاوەڕوانکراویان لە نێوان دا نیە، بەڵام بە خۆشی‌یەوە لە ڕووی بیرو باوەڕی نەتەوایەتی ئازادیخوازی‌و زۆر مەسەلەی دیکەوە خاڵی هاوبەشیان زۆرە. هەربۆیە ئیمکانی هاوکاری‌و هەماهەنگیی نێوانیان لە داهاتوو دا زۆرە. جگە لەمەش ئەمڕۆ لە نێوخۆی کوردستان بەهۆی وشیاریی نەتەوەیی‌و پەرەگرتنی بیری ئازادیخوازیی کۆمەڵگەی کوردستان لە ڕووی سیاسی‌یەوە کۆمەڵگەیەکی چالاکە. سەرکوت، گرتن‌و ئەشکەنجە درانی تێکۆشەرانی مەدەنی‌و تەنانەت کوژرانی ڕۆڵەکانی کورد لە حەرەکەتە ئیعترازی‌یەکانی خەڵکی کوردستان دا بە دەستی هێزەنیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی نەی توانیوە پێش بە چالاکی‌و تێکۆشانی ئازادیخوازانەو مەدەنیانەی ئەوان بگرێ. مەیدانی خەبات‌و تێکۆشانی ئازادیخوازانی کورد چ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەو چ بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەو مەدەنیانەوە لە نێوخۆ، بەرین‌و بەربڵاوتر بۆتەوە. دەرك کردن‌و ڕێزگرتن‌و پشتیوانیی ئەم لایەنانە لە یەکتر، سەرکەتن‌و دەسکەوتی زیاتر لە داهاتووی ئێران دا بۆ کورد دەستەبەر دەکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروەك زۆر جاری دیکە رای گەیاندوە وێڕای پشتیوانی لە حەرەکەتی ئازادیخوازانەو مەدەنیانەی نێوخۆ، ئامادەی دۆستایەتی، هەماهەنگی‌و هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ئێران دا ئەو ئەرکە بە ئەرکێکی پێویست‌و خێرای هێزە سیاسی‌یەکانی کورد دەزانێ.

لە یادی حەڤدەی ساڵەی تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی دا جارێکی پەیمان نوێ دەکەینەوە کە تا سەر درێژەدەری ڕێگای شەهیدان بین‌و تا گەشتن بە ئامانجەکانی ئەوان ڕێگایان بەر نەدەین.

بەرزو پیرۆز بێ یادی شەهیدان دوکتور سادقی شەرەفکەندی، کاك فەتاحی عەبدولی‌و کاك هومایوونی ئەردەلان‌و نووریی دێهکوردی.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٨/٦/٢٦**
**٢٠٠٩/٩/١٧**

## پەیامی‌هاودەردی

# به بۆنەی کۆچی دوایی نیشتمانپەروەری فەرزانە مامۆستاحەسەن سەلاح (سۆران)

شاعیر، نووسەرو لێکۆڵەری ناسراوی کوردستان و کەسایەتیی نیشتمانپەروەری‌کورد، ماموَستا حەسەن سەلاح (ناسراو بە ماموَستا سوَران) نیوەڕوَی ڕوَژی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان لە تاران کوَچی دوایی کرد. ماموَستا سوَران لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە هوَزی فەیزوللابەگی و لە ئاوایی ساروقامیش، لە دایک ببوو. باوکی، یەک لە فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. کەسایەتیی سیاسی و خەباتگێرو نووسەری ناسراو دوکتور عەلی گەلاوێژ، کە لە لایەن ڕێژیمی جینایەتکاری کوَماری ئیسلامی‌یەوەئیعدام کرا، برای ماموَستا حەسەن سەلاح(سوَران) بوو. ماموَستا سوَران چ بە وتنەوەی وانەی کوردی لە زانکوَکانی ئێران و چ بە نووسین و لێکوَڵینەوە لە بارەی مێژووی کورد و زمانی کوردی، لە خزمەت بە نەتەوەکەی درێغی نەکرد. ئەو هەروا کە سەردێری هەموو نوسینەکانی "بە ناوی کوردستانی گەورە" دەڕازاندەوە،کوردستان و نەتەوەی کوردی کردبوون بە ڕوگەی خوَی و، لە شێعر ونووسین و لێکدانەوەکانی دا بوێرانە داکوَکی لە شانازییەکانی نەتەوەکەی و داخوازە ڕەواکانی دەکرد. کوَمیسیوَنی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوی سەرجەم تێکوَشەران و ئەندامانی ئەم حیزبەوە ، سەرەخوَشی لە بنەماڵەی بەڕێز و سەربەرزی مامۆستا سوَران و تێکڕای ئوَگرانی دەکا و لە ماتەمی لە دەستدانی ئەو کەسایەتییە نیشتمانپەروەر و بە نرخە دا خوَی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێ. نەمری بۆ ناو و یادی ماموَستای خۆشەویست حەسەن سۆران و بەرقەراری بۆ ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی.

حیزبی دێموکراتی‌کوردستان
کوَمسیونی ڕاگەیاندن
٢٦ی خەرمانانی ١٣٨٨
١٧ی سێپتامبری ٢٠٠٩

## راگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

# بە بۆنەی پێکهاتنی پلنیۆمی کومیتەی ناوەندییەوە

بۆ ئاگاداریی تێکۆشەران وئەندامانی حیزب و سەرجەم ئۆگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بیروڕای گشتی، رادەگەیەنین کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیی حیزب کە رۆژی شەممە ٢٢ی خەرمانان دەستی پێ کردبوو، نیوەڕۆی چوارشەممە ٢٥ی خەرمانان کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی بە دەقیقەیەك بێدەنگی بە یادی شەهیدانی رێگای ئازادی بە تایبەتی شەهیدانی هاوینی ئەمساڵ و، لە نێو ئەواندا هاوڕێیانی شەهیدمان بێهروز رەزانژادو محەممەد نەدیمی دەستی پێ کرد. لە دەسپێکی کۆبوونەوەدا، دەستووری کاری پێشنیارکراو لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە قسەی لە سەر کراو پەسند کرا. پاشان هاوڕێی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی سیاسیی لە پێوەندی لەگەڵ دوایین رووداوەکانی ئێران و کوردستان و هەڵوێستەکانی حیزب لە نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا پێشکەش کرد. سکرتێری گشتیی حیزب لە درێژەی باسەکەیدا، راپۆرتێکی لە سەر بارودۆخی ئێستای کوردستانی ئێران خستە روو. راپۆرتەکە تیشکی خستبووە سەر بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی کۆمەڵی کوردستان. لە باسی گرنگترین رووداوو ئاڵوگۆڕەکان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، پێکهاتنی گۆڕان لە روانین و هەڵوێستی دەوڵەتی تورکیە بەرامبەر بە پرسی کورد لەم وڵاتە، گرنگی- یەکی تایبەتی پێ درابوو. چەندو چوونی تێکۆشانی رێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات لە نێوان دوو کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی‌داو کارو ئەرکە پێویستەکانی بەردەم حیزب لە هەلومەرجی ئێستادا، دوایین بەشی باسەکەی سکرتێری گشتی، هاوڕێ خالید عەزیزییان پێك هێنابوو.

بەشدارانی کۆبوونەوە لە ماوەی ٣ دانیشتن‌دا، بیروڕای خۆیان لە بارەی نێوەڕۆکی باسەکەی سکرتێری گشتی هێنایە گۆڕێ و راپۆرتەکەیان بە تێبینی و بۆچوونەکانیان دەوڵەمەند کرد.

کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، هەڵوێستی دەفتەری سیاسی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی جەماوەری دژی کودەتای ٢٣ی جۆزەردانی ئەمساڵدا تەئیید کردو پشتگیری لەم بزووتنەوەیەی سەبارەت بە نێوەرۆکی دێموکراسیخوازانەو حەقخوازانە بە ئەرکێکی پێویست دانا. لەم پێوەندییەدا، بەشداریی رێکخراوەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات لەو چالاکی و بەرنامانەدا کە بۆ لەقاودانی تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی کودەتاچی دژی خەڵکی ناڕازی و، بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی راپەڕیوی ئێران پێك دێن، بە پێویست زانی. کومیتەی ناوەندی لە سەر پێویستی بەشداری و پشتگیریی خەڵکی کوردستان لەم بزووتنەوەیەدا بە سەرنجدان بە هەلومەرجی تایبەتی کوردستان و بە لەبەر چاوگرتنی هوییەت و داواکانی گەلی کورد پێی داگرت. بە باوەڕی کومیتەی ناوەندی، سەرەڕای هەموو دڕندەیی‌یەك کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی ئەم بزووتنەوەیەدا بە کاری دێنن، جووڵانەوەی خەڵکی ئێران سەر هەڵ دەداتەوەو هەتا راماڵینی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی، درێژە دەکێشێ.

کومیتەی ناوەندی، هەڵوێستی خەڵکی کوردستان، هەم لە پێوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری و رووداوەکانی داوتردراو هەم لە پێوەندی لەگەڵ یادی ٢٠ ساڵەی تیرۆری رێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو و ٣٠ ساڵەی شەڕی کوردستان‌دا بە نیشانەی وشیاری و ئاگایی ئەم خەڵکەو، شێلگیربوونی ئەوان لە تێکۆشان و خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەدا، نرخاند. کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، هەوڵەکانی دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی رێژیم بە دژی چالاکانی مەدەنی و، کوشتنی یەك بە دوای یەکی کاسبکاران و خەڵکی سڤیل لە کوردستانی بە نموونەیەکی هەرە زەق لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ زانی کە پێویستە راگەیەنەکان و نوێنەرایەتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بیروڕای گشتی و ناوەندە پێوەندیدارەکانیان لێ ئاگادار بکەنەوە.

لە بارەی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزب و رێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکانیشەوە، کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی، هەوڵەکانی دەفتەری سیاسی بە مەبەستی نزیکبوونەوەو کاری هاوبەش لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستانی بە موسبەت زانی و خۆشحالیی خۆی لە بەرەو پێشچوون لەم بوارەدا راگەیاند. رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین کۆبوونەوەی خۆی‌دا، پێکهێنانی پێوەندیی دۆستانەو هاوکاریی نێوان حیزب و رێکخراوەکانی کوردستان و ئێران، لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆماری ئیسلامی و بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی وڵاتەکەمان لە رووبەڕوو بوونەوەیەکی چارەنووسساز دان، بە کارێکی پێویست دانا کە دەبێ دەفتەری سیاسی، هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵ بگرێ.

لە بەر رووناکایی لێکدانەوەی هەلومەرجی ئێستای ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و ئەرکەکانی حیزب لەم قۆناغەدا، کومیتەی ناوەندی کۆمەڵێك بڕیارو راسپاردەی پەسند کرد کە رێنوێنی دەفتەری سیاسی وئۆرگانەکانی حیزب هەتا پلنیۆمی داهاتوو دەبن.

کومیتەی ناوەندیی حیزب لە کۆبوونەوەی خۆی‌دا، هەروەها قەوارەی سازمانی و هەیکەلی ئۆرگانەکانی حیزب لە کوردستانی هێنایە بەر باس و، پێشنیارو سەرنج و تێبینییەکانی بەشدارانی بە مەبەستی کاراکردنی زیاتری ئۆرگانەکان وەرگرت. لە بەشێکی دیکەی کاری ئەم کۆبوونەوەیەی کومیتەی ناوەندی‌دا، بڕیارو راسپاردەکانی کۆبوونەوەکانی پێشوو بە مەبەستی رێکوپێك کردنی کاروباری رۆژانەی ئۆرگانەکان، تاوتوێ کران و لە سەر پێویستیی جێبەجێکردنی و بە ئاکام گەیاندنیان پێ داگیرایەوە.

بەم جۆرە کۆبوونەوی کومیتەی ناوەندی لە ماوەی چوار رۆژ باسی زیندوو و بیروڕا گۆڕینەوەی بەسوودو، دانی بەرچاورووونی بە دەفتەری سیاسی و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان لە بواری پێویست- دا، نیوەڕۆی چوارشەممە لە بەرەبەری هەڤدەیەمین ساڵرۆژی شەهیدبوونی سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیان فەتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان و نووری دێهکوردی‌داو، لە حاڵێکدا یادی ئەم شەهیدانەو عەزم و ئیرادەی پتەوی کومیتەی ناوەندی بۆ درێژەدانی رێگای خەباتی ئەوان ئاوێتەی یەك ببوون، سەرکەوتووانە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١٣٨٨/٦/٢٦**
**٢٠٠٩/٩/١٧**

# کرانەوەی زانکۆکان لە کەشی زەبروزەنگ و خۆفدا

هەژیر عەبدوڵلاپوور

قوتابخانە و زانکۆکانی وڵات ئەمساڵ لە کاتێکدا بە رووی قوتابیان و خوێندکاراندا دەکرێنەوە کە دەیان کەس لە خوێندکاران بە هۆی دەنگ هەڵبڕین و دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە کودەتای هەڵبژاردن خەڵتانی خوێن کراون و سەدان کەسی دیکە بریندار کران یان خرانە چاڵەڕەشەکانی رێژیمەوە و هێشتاش ژمارەیەکی زۆر لەوان لە بەندیخانەکاندا دەست بەسەرن. هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەك لە مامۆستایانی سەربەخۆ و جیابیریش ناچار بە خانەنشینی و وازهێنان کراون و بەم پێیە ناتوانن لە زانکۆکاندا درێژە بە وانەوتنەوە بدەن. ئێستاکەش گەرچی راپەڕین و ناڕەزایەتییەکان تا رادەیەك دامرکاونەتەوە، بەڵام کەشی وڵات هەروا هەوکردوو و لە حاڵی تەقینەوە دایە و سەرکوت و بگرەوبەردە و هەڕەشەوگوڕەشە و گوشارەکانی سەر خوێندکاران کەم نەبوونەتەوە و هەر لەم چەند رۆژەی رابردوودا دەیان خوێندکار راپێچی ئۆرگانە ئەمنییەتییەکانی سەر بە ئیتلاعات کراون. هەندێك راپۆرتیش باس لەوە دەکەن کە بە مەبەستی تاوتوێی ئەگەری سەرهەڵدانەوەی بەرینی خوێندکاری لە سەروبەندی ساڵی نوێی خوێندن و سەرکوتکردنی لە جێدا، کۆبوونەوەیەکی ئەمنییەتی لە تاران بەڕێوەچووە. گوایە خوێندکارانی ئاڵقە لە گوێ و بەسیجیی زانستگەکانیش خوازیاری چەك و گازی فرمێسکڕێژ و ئەو کەلوپەلانە بوون کە لە بەردەست هێزەکانی دژەشۆڕش دان تاکوو بۆ بەربەرەکانی لە بەرامبەر هەر ناڕەزایەتی دەربڕینێکدا بە تەواوی ئامادە بن!! رێژیم کە لە سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە خوێندکارییەکان بە تەواوی زراوی چووە و ناتوانێ خوێندکاران بە ئاسانی کۆنتڕۆڵ بکا لەوانەیە دەستی ئەم گۆپاڵ بەدەست و ئاڵقە بە گوێیانەی بۆ هێرشکردنە سەر خوێندکاران ئاوەڵە کردبێ.

هەر لەم چەند حەوتووەی دواییشدا شایەتی ئەوە بووین کە جگە لە ئەستێرەدارکردنی دەیان چالاکی خوێندکاری، سەدان کەسی دیکەشیان بۆ وەزارەتی ئیتلاعات بانگ کردوە و مۆرکی ئەوەیان داونەتە پاڵ کە گوایە دەستیان هەبووە لە تێکدانی نەزمی گشتی و شکاندنی کەلوپەلی گشتی زانکۆکان و دەیان تاوانی دیکە لە لایەکی‌ترەوە کە گوێ بیستی قسەکانی چەند رۆژ لەمەوبەری خامنەیی لە دانیشتن لەگەڵ خوێندکارە بەسیجییەکان دەبین کە نیگەرانیی خۆی لە خوێندنی دوو میلیۆن خوێندکار لە رشتەکانی تایبەت بە زانستە مرۆییەکان ناشارێتەوە! و هوشدارییان پێدەدا کە خوێندن لەو چەشنە رشتانەدا دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە زانستی ئیسلامی! و یان کاتێك رۆژنامەی کەیهانی حکوومەتی باس لە "داگیرکرانی زانکۆ سەرەکییەکان" لە لایەن دوژمنەوە دەکا و بە دوای ئەویشدا ئیبراهیم کەلانتەری سەرۆکی بنیاتی "ولی فقیە" لە زانکۆی تاران بە هەواڵدەریی فارس دەڵێ: بە دڵنیاییەوە لە دەسپێکی ساڵی نوێی خوێندندا کەشێکی دەروونی و بەرنامە بۆداڕێژراو بۆ تێکدانی فەزای ئارامی زانکۆکان لە ئارا دایە" و هتد، تەواوی ئەم فاکتانەی سەرەوە باس لە داڕشتنی کودەتای نگریسی کودەتاچییەکان و دەسپێکردنی فازی دووەمی "شۆڕشی فەرهەنگی" دژی خوێندکاران و زانستگەکان دەکا و وێدەچێ رێژیم لە حەوتووەکانی داهاتوودا بۆ یەکدەست کردنی زانکۆکان و سەرکوتی خوێندکاران دەست بکا بە دەرکردن و پاکتاوکردنی مامۆستایان و خوێندکارانی ناڕازی و جیابیر و بە دوای ئەویشدا کەشێکی بەتەواوی ئەمنییەتی و پڕاوپڕ لە ترس و وەحشەت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە زانکۆکان زاڵ بکا.

بەڵام هۆکاری سەرەکیی ترس و نیگەرانیی رێژیم لە کرانەوەی زانکۆکان چییە؟ بۆچی کاربەدەستانی ئەو رێژیمە لە دوورەدیمەنی جووڵانەوە خوێندکارییەکان تۆقیون؟ هەر وەك دەزانین خوێندکاران لە ناڕەزایەتییەکانی ئەو چەند مانگەی دواییدا رۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە و بە تایبەت لە تاراندا لە ریزی پێشەوەی خۆپیشاندانەکاندا بوون و زۆربەی مانگرتنەکانیان وەڕێ خست و بە بڵاوکردنەوەی راپۆرتگەلی جۆراوجۆر لە ماڵپەڕە ئینترنێتییەکاندا رێژیمیان وەزاڵە هێنابوو هەر لەم روانگەیەشەوە دەسەڵاتدارانی رێژیم شیمانەی ئەوە دەکەن کە کرانەوەی زانکۆکان پەرە بە ئاڵۆزی و گرژییەکانی ئێستا بدا و هەر لەم سۆنگەیەوە پەشۆکاو و داماوانە، بە قەولی خۆیان چارەدۆزییان کردوە و کەشێکی پڕ لە ترس و خۆف و گوشاریان بۆ خوێندکاران خولقاندوە. هەروەها نابێ لە بیرمان بچێ کە فەزای خوێندکاری لە ئێراندا رێبەریی خەڵکی بۆ گۆڕان لە ئەستۆیە، شتێك کە هیچکات بە دڵی دەسەڵاتدارانی رێژیم نییە و بە توندی بەرهەڵستی دەبنەوە. نیگەرانییەکی‌تری رێژیم ئەوەیە کە زۆرێك لە خوێندکارانی شارە گەورەکانی وەك تاران، مەشهەد، ئیسفەهان، شیراز، تەورێز و هتد خەڵکی شارستانەکانن کە بەر لە سەرهەڵدانەکانی پاش هەڵبژاردن گەڕابوونەوە شار و شوێنی نیشتەجێبوونیان و وێدەچێ لە گەڕانەوەدا بە هۆی ئەوەکە کەمتر چاوەدێریی دایك و بابیان بە سەرەوەیە، ئازادیی کردەوەی زیاتریان هەبێ و دەتوانن ناڕەزایەتییەکانی خۆیان بە شێوەی کاریگەر پەرە پێ بدەن. وەها دۆخێك لە سەردەمی شاش دا روویداو ئەوەش کاتێك بوو کە شای ئێران لە پاییزی ١٩٧٨دا بە هۆی درێژەکێشانی خۆپیشاندانەکانی ناوخۆوە و بە تایبەتی لە لایەن خوێندکارانی ناڕازییەوە وەزاڵە هاتبوو و بە ناچار بۆ ماوەی چەند مانگ پێشی بە چوونی خوێندکارانی ناڕازی بۆ ناو زانستگە گرت، بەڵام ئەم کردەوەیە ئاکامێکی لێ نەکەوتەوە و هەر بە کرانەوەی ناوەندەکانی فێرکردنی باڵا، هەزاران خوێندکار لە دژایەتی لە گەڵ رێژیمی ئەو کات رژانە سەر شەقامەکان و بە



ناڕەزایەتیی بەردەوامی خۆیان شایان ناچار بە هەڵاتن لە ئێران کرد. کەواتە بە پێی ئەم لێکدانەوە و راستییانە شتێکی زۆر روونە کە دەسپێکردن و خولقانەوەی وەها کەشێك ترس و خۆفی ئاخوندەکان چەن قات دەکا و هەر بەم پێیەش دەیانەوێ بە هەر شێوەیەکی گونجاو ئەم سەنگەری بەرخۆدان و خۆڕاگرییە سەرکوت بکەن تا بە خەیاڵی خۆیان بەستێنی سەرهەڵدانی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەك لە گەرادا خەفە بکەن.

# کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد و بارودۆخی نێوخۆیی ئێران

مەسعوود ڕەواندوست

ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی خەرمانان، دوای پێنج ڕۆژ باس‌و وتووێژ لەسەر وەزیرە پێشنیارکراوەکانی مەحموود ئەحمەدی نژاد بۆ کابینەی نوێی دەوڵەتەکەی، نوێنەرانی مەجلیس دەنگەکانی خۆیان لەسەر متمانە یان بێ‌متمانەیی وەزیرەکان خستە سندووقەکانی تایبەتی ئەو کارەوە. تاوتوێ کردنی سەلاحییەتی وەزیرە پێشنیارکراوەکان لە دەوڵەتەکانی پێشوودا بە گشتی لە ٢ یان ٣ ڕۆژدا کۆتایی پێ‌دەهات‌و دەوڵەت دەستی بە کارەکانی دەکرد، بەڵام ئەم دەوڵەتە نوێیە هەروەك هاتنە سەرکارەکەی لە ئاکامی کودیتایەکی خوێناوییدا ئاسایی نەبوو، کۆبوونەوەی مەجلیس بۆ تاوتوێ کردنی متمانەی وەزیرەکانیشی ئاسایی نەبوو. دەنگدان بە وەزیرەکان دوای پێنج ڕۆژ مشتومڕی دوورودرێژو لە ژێر گوشاری ڕێبەری نیزامدا بەڕێوەچووو سەرەڕای گوشاری خامنەیی بۆ دانی دەنگی متمانە بە هەموو وەزیرەکان تەنیا ١٨ وەزیر لە ٢١ وەزیری پێشنیارکراو دەنگی متمانەیان وەرگرت‌و بەمجۆرە دەوڵەتی دەیەم لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا بوو بە یەکەمین دەوڵەت لە مێژووی ئەم ڕێژیمەدا کە بە کابینەیەکی ناتەواوەوە دەستی بەکارەکانی کرد.

درێژبوونەوەی مشتومڕەکان لەسەر دان یا نەدانی دەنگی متمانە بە وەزیرە پێشنیارکراوەکان بۆ پێنج ڕۆژ، لە ئاکامی قووڵتر بوونەوەی کێشەکانی نێوان باڵەکانی نیزام لە لایەك و لاوازو ناکارا بوونی زیاتری کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد لە کابینەی یەکەمی لە لایەکی دیکەوە بوو (دیارە کابینەی یەکەمی ئەحمەدی نژاد لە باری لێهاتووییەوە لە هەر هەشت کابینەی پێش خۆی لاوازتر بوو).

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر پێکهاتەی کابینەی نوێی ئەحمەدی نژاددا بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی وەزیرانی ئەم کابینەیە لەباری توانا‌و سەلاحییەت و پسپۆریی پێویست بۆ ئەو وەزارەتەی بۆی دیاری کراون لە ئاستێکی زۆر نزم دان. بەجۆرێك کە ٦٠ لەسەدی وەزیرەکان توانا‌و پسپۆریی پێویستیان بۆ بەڕێوەبردنی وەزارەتەکەیان نیە. لەباری ئاستی خوێندەوارییشەوە، ڕادەی خوێندەواریی گشتیی وەزیرە نوێیەکان لە بەراورد لەگەڵ کابینەی پێشوودا لەخوارترە، بەجۆرێك کە لە کابینەی پێشوودا لە ٢٣ وەزیری کابینە ١١ دوکتورا، ٨ فەوقی لیسانس و ٢ لیسانسیان تێدا بوو، لە حالێکدا کە لە کابینەی پێشنیارکراودا ٨ دوکتورا، ٤ فەوقی لیسانس و ٩ لیسانسی تێدایە.

ئەوەی لە کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاددا سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە تەنیا ٥ وەزیر لە وەزیرەکانی کابینەی پێشووی تێدا بەرچاو دەکەوێ و وەزیرەکانی دیکە هەموویان تازەن و بەشی زۆریان پێشینەی بەڕێوەبەریان لە ئاستی بەرزدا نیە ئەوە لە حالێکدایە کە ئەحمەدی نژاد لە وڵامی ڕەخنەگران لە دەوڵەتی نۆیەمدا، دەوڵەتەکەی بە یەکێك لە سەرکەوتووترین و کارامەترین دەوڵەتەکان لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا دەزانی و بە دانی ئاماری سەیرو سەمەرە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن‌دا خۆی و دەوڵەتەکەی بە سەرکەوتووتر لە هەموو دەوڵەتەکانی پێش خۆی

مافەکانی بەناو قەومییەت و کەمایەتییەکان دەکرد، باسی لە هێنانی کەمایەتییەکان بۆ نێو کابینەکەی کردبوو، بەڵام هیچکام لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان سەر بە هیچکام لە نەتەوە یان کەمایەتییە ژێردەستەکانی ئێران نەبوون و ئەم خاڵە وەك خاڵێکی لاواز لە لایەن نوێنەری خەڵکی بروجێردەوە ئاماژەی پێ‌کرا.

هەمووی ئەم تایبەتمەندییانە و زۆر خاڵی تریش هەر لە کاتی ئاشکرابوونی لیستی وەزیرە پێشنیارکراوەکان‌و بەتایبەت لە کەشوهەوای ئاڵۆزی سیاسیی ئێرانی دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و

متمانەیان پێ‌بدرێ، بەڵام بەو حاڵەو سەرەڕای داوای زۆر جیددیی خامنەیی، سێ کەس لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان دەنگی پێویستیان بۆ بە دەستەوە گرتنی وەزارەتەکەیان نەهێنایەوە.

لێرە لە پێوەندی لەگەڵ پێکهاتەی کابینەی نوێ‌دا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا دیاری کردنی ئەم ژمارە زۆرە سپایی و بەسیجی‌یە وەك وەزیر بۆ کابینەی نوێ بە ڕێکەوت بووە یان لێکدانەوەیەکی تایبەتیی لە پشت بووە؟ ئەگەر ئەم پێکهاتەیە بە ڕێکەوت هەڵنەبژێراوە، دیاری کردنی ئەم کۆمەڵە بەسیجی و سپایی‌یە بۆ



دەناساند بەڵام ناوبراو ڕوونی ناکاتەوە کە ئەگەر دەوڵەتی پێشوو ئەوەندە سەرکەوتوو و کارامە بوو بۆچی تەنیا ٢١ لەسەدی وەزیرەکانی ئەو کابینە سەرکەوتووە لەدەوڵەتی نوێ‌دا دەبینرێن و نزیك بە ٨٠ لەسەدی وەزیرەکان وەلانراون؟!

تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد ئەوەیە کە کابینەی نوێ کابینەیەکی تەواو نیزامی و ئەمنییەتییە. دیارە ئەگەرچی کابینەی پێشووش زیاتر لە کابینەکانی پێش خۆی لە ئەندامانی سپا پێك هاتبوو، بەڵام دوو جیاوازی لە نێوان ئەم دوو کابینەیە لەم بارەوە هەیە: یەکەم ئەوەکە ڕێژەی ئەندامانی سپا لە دەوڵەتی نوێ‌دا ئەوەندە زیاتر و بەرچاوترە کە بە ڕاست دەکرێ بە کابینەیەکی نیزامی ناوببرێ و، دووەم ئەوە کە لە کابینەی پێشوودا وەزیرە سپاییەکان زیاتر لە بەرپرسانی پلە یەکەمی سپا بوون بەڵام لە کابینەی نوێ‌دا زیاتر لە کەسانی خوارووتری بەرپرسانی سپای پاسداران و لە بەرپرسانی پلە دوو و سێی سپاو بەسیجن.

خاڵێکی‌تر کە ڕەنگە چاوەڕوانییەکی زۆریش بەجێ نەبێ لە کابینەی ئەحمەدی نژاد، ئەوە بوو کە ئەگەرچی ناوبراو لە بەرامبەر ڕکەبەرەکانی‌دا کە باسیان لە

سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵك و گیران و کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران و کێشە و ناکۆکیی زیاتر لە پێشووی نێوان باڵەکانی دەسەڵات، نشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە ئەم کابینەیە بۆ وەرگرتنی دەنگی متمانەی مەجلیس لەگەڵ کێشەیەکی جیددی بەرەوڕوویە و پێشبینیی ئەوە دەکرا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان دەنگی متمانەیان پێ‌نەدرێ، بەجۆرێك کە محەممەد ڕەزا باهونەر، جێگری سەرۆکی مەجلیس پێش بینیی ئەوەی کردبوو کە ٨ هەتا ٩ کەس لە وەزیرە پێشنیارکراوەکان دەنگی متمانە وەرنەگرن کە ئەوە خۆی لەخۆی‌دا شکستێکی گەورەی دیکە و زەبرێکی قورسی دیکە لە ئیعتبار و مەشرووعییەتی دەوڵەتی نوێ دەبوو. بەڵام بەڕێوەبەرانی ستادی کودیتا‌و لە سەرووی هەموانەوە خامنەیی لە ترسی ئەوەی دەنگ نەهێنانەوەی بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی کابینەی نوێ مەشرووعییەت و ڕەوایی دەوڵەتی کودیتا هەرچی زیاتر بەرێتە ژێر پرسیار و لەگەڵ کێشە و تەنگژەی زیاتری بەرەوڕوو بکاتەوە، کەوتەخۆ و بە هەڕەشە و تەماع وەبەرنان و بانگ کردن و پێوەندی گرتن بە نوێنەرانەوە، گوشارێکی زۆریان هێنا کە هەموو وەزیرەکان دەنگی

وەزارەتەکان و بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتێك بۆ ماوەی چوار ساڵ چ پاساوێکی لە پشتە؟

وڵامی هەمووی ئەم پرسیارانە بە چاوخشاندنێکی خێرا بەسەر کارنامەی چوارساڵی یەکەمی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد و کودیتای ٢٣ی جۆزەردان و ڕووداوەکانی دوای ئەو و بارودۆخی نێوخۆیی ئێستای ئێران ڕوون دەبێتەوە.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیەکە ئەحمەدی نژاد کە لە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی سەرۆك کۆماریی ئێران‌دا بە کۆمەڵێك دروشمی پۆپۆلیستی هاتە سەرکار و دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، بە کابینەیەکی لاوازو بێ بەرنامە و تەخەسوسەوە لە ماوەی چوار ساڵدا لەباری سیاسەتی دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوەدا بە گرتنە پێشی سیاسەتێکی غەڵەت و بێ بنەما و گوێ نەدان بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و بڕیارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش ئێرانی تووشی تەریك مانەوە و قەیرانێکی کەم وێنە کرد و کۆمەڵێك تەحریمی ئابووریی بۆ ئێران بە دیاری هێنا و لە باری نێوخۆییشەوە بە کۆمەڵێك سیاسەتی ئابووریی غەڵەت و تەحریمی ئابوورییەوە ژێرخانەکانی ئابووریی ئێرانیان لەوەی کە بوو وێرانتر کرد و بارودۆخی ژیانی خەڵکی ئێرانیان بە ڕادەیەکی زۆر

تووشی قەیران و نەهامەتی کرد و بە گشتی وێرانەی ڕێژیمیان وێرانتر کرد.

دەوڵەتی نۆیەم یان کابینەی یەکەمی ئەحمەدی نژاد کە لە کۆتاییەکانی تەمەنی‌دا دەیزانی بەو کارنامە لاوازە و بەو هەمووە بێزارییەی خەڵکی ئێران لە ئاکامی بەرنامەکانی ئەو دەوڵەتە لە هەموو بوارەکانداو، هەروەها بە بوونی ڕکەبەری وەك کەڕرووبی و مووسەوی لە هەڵبژاردنی خولی دەیەم‌دا ناتوانێ ئەمجارە بە دروشم و درۆ خەڵك هەڵبخەڵەتێنێ، کەوتە بیری پیلانێك و ئەو کودیتایەیان لەدژی دەنگی خەڵك بەڕێوەبرد کە ئاکامەکەی بوو بە تەقینەوەی بورکانی ڕق و بێزاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و ڕاپەڕینی بەرینی خەڵك و، دژکردەوەی دڕندانەی پارێزەرانی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی لێکەوتەوە و بوو بە هۆی گیران و کوژرانی سەدان کەس لە لاوان و ناڕازییانی ئێران لە شەقامەکان و گرتووخانەکاندا. ئەم ڕاپەڕین و ناڕەزایەتییانە لە ئاستێك‌دا بوون کە لە نێوخۆ بناغەکانی کۆماری ئیسلامیان لەرزاند و لە دەرەوە مەشرووعییەتی ڕێژیمیان بە شێوەیەکی بێ‌وێنە خستە ژێر پرسیار، بەجۆرێك کە دەوڵەتی دەیەمیان لە تەنانەت لە پیرۆزبایی نزیك بە تەواوی وڵاتانی جیهان بێبەش کرد و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش پیرۆزبایی دەوڵەتی نوێی ئەحمەدی نژادیان نەکرد.

لەو هەلومەرجەدا و لەو قەیران و تەنگژەیەدا کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تووشی هاتبوون و بە سەرۆك کۆمارێکی وەك ئەحمەدی نژاد بە پاشخانی فکریی مەهدەوییەتەوە کە لە بناخەڕا دژی زانست و بیرکردنەوەی سەردەمیانەیە و بەگشتی لەگەڵ بژاردەکان و پسپۆڕان ناکۆکە و، لە بازنەی نزیکان و دۆستانی ئەحمەدی نژادیش‌دا کە هیچکامیان لە خۆی باشتر نین، سروشتییە کە مەحموودی ئەحمەدی نژاد نەتوانێ و نەیهەوێ تیمێکی لەوەی ئێستا بەتواناتر پێشنیار بکا دیاریکردنی کەسێکی وەك ئەحمەد وەحیدیی تیرۆریست بۆ پۆستی وەزیری بەرگری کە لە تەقاندنەوەی ناوەندی کولتووریی جوولەکەکان لە ئارژانتین‌دا دەستی هەبوو و لە لایەن پۆلیسی نێونەتەوەییەوە داواکراوە، هەر لەم سۆنگەیە و لە چوارچێوەی فکری و بیروباوەڕی ئەحمەدی نژاد و بەرنامەکەی بۆ چوار ساڵی دووەمی سەرۆك کۆماریی‌دا خۆی دەبینێتەوە. بە تایبەت کە ئەوەی بۆ ئەحمەدی نژاد زۆر گرنگە یەکدەستی و گوێ لەمستیی وەزیرو هاوکارەکانییەتی بۆ ئەوەی هیچ دژایەتییەك لەگەڵ بڕیارە سەیرو سەمەرە و ناعەقڵانییەکانی نەکرێ و ئەوەی لە کابینەی پێشوودا ڕووی‌دا دووبارە نەبێتەوە کە زیاترین ڕادەی وەلانان و گۆڕینی وەزیر و بەرپرسانی بەرزی دەوڵەتی تێدا ڕوودا.

هەروەها لە کاتێك‌دا کە ستادی کودیتا لە حاڵەتی ئامادەباش دایە و تەنانەت هەرکام لە ڕێپێوان و بۆنە فەرمی و حکوومەتییەکانیش بە

مەترسی و هەڕەشەیەك بۆ سەر نیزام دەزانێ کە ڕەنگە خەڵکی وەزاڵەهاتوو کەلکی لێوەرگرن و بیکەن بە مەیدانێکی دیکە بۆ دەربڕینی دژایەتی و بێزاری لە ڕێژیم و، بە وەبەرچاوگرتنی ئەوە کە ڕێژیم هەڵبژاردنی دەوری نوێی مەجلیسی شووورای ئیسلامیی لە پێشە کە دەتوانێ بۆ ڕێژیم ببێتە کارەساتێکی گەورەتر لە ڕاپەڕینی دوای کودیتای ٢٣ی جۆزەردان، ڕێژیم زیاتر لە هەمیشە خۆی لە مەترسی‌دا دەبینێ و بۆ مانەوەی خۆی پەنا دەباتە بەر توندوتیژی و سروشتییە کە دەوڵەتی نوێ و کابینەی دووەمی ئەحمەدی نژاد نیزامی‌تر و ئەمنییەتی‌تر بێ و ئەوەی بۆ ئەم دەوڵەتە لەو هەلومەرجەدا گرنگە یەکدەست و گوێ لەمست بوونی ئەندامانی کابینەیە نەك پسپۆڕی و شارەزاییان. بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە لاواز و بێ‌توانا و شارەزاییە هەرچەند لەوەش نیزامی‌تر و ئەمنییەتی‌تر بێ، ناتوانێ لەو قۆناغە پڕ تەنگژە و کێشەیەدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ و بەسەر شەپۆلی ڕووداوەکانی داهاتوودا زاڵ بێ.

بێ گومان ئەو کەلێنە گەورەیەی لە ڕیزەکانی دەسەڵات کەوتووە و ڕۆژ بە ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و، هەروەها بڕیاری یەکجارەکیی وەلانانی جیابیران و باڵی بەرامبەر لە لایەن بەڕێوەبەرانی ستادی کودیتاوە و، ژیلەمۆی ڕق و بێزاریی خەڵکی ئێران، گەردەلوولێك لە کەشوهەوای سیاسیی ئێران‌دا پێك دێنێ و ئاگرێك لە پەیکەری نیزامی دیکتاتۆریی ویلایەتیی فەقیهی بەردەدا کە مەحاڵە بەو کابینە بێ‌توانایە دابمرکێتەوە و، بڕینی هەتا سەری ئەم دەریا تۆفانییە بۆ گەمیی ئەو دەوڵەتە نامەشرووع و لاوازە دەگمەن و، بە ئەنجام گەیاندنی چوار ساڵی کاری ئەم کابینەیە ئاستەم دێتە بەرچاو.

**ئەم دەوڵەتە لاواز و بێ‌توانا و شارەزاییە هەرچەند لەوەش نیزامی‌تر و ئەمنییەتی‌تر بێ، ناتوانێ لەو قۆناغە پڕ تەنگژە و کێشەیەدا سەرکەوتن وەدەست بێنێ و بەسەر شەپۆلی ڕووداوەکانی داهاتوودا زاڵ بێ**

# بزاڤی نەتەوەیی کورد و مێتۆدەکانی خەباتی رزگاریخوازانە

## بەشی یەکەم: پێناسەو شرۆڤەی چەمکەکان

رامبود لوتفپووری

**سەرەتا:**

یەکێك لە بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ولات یا باشتر بلێین کۆمەلگا فرەنەتەوەییەکان هەبوونی ئاریشە و ململانێی سیاسی و نەتەوەییە لە نێوان نەتەوە بندەستەکان یا ئەو هێزو رێکخراوانەی کە تەعبیر لە ویست و خواستەکانیان دەکەن لەگەڵ نەتەوەی سەردەست یا دەسەلاتی سیاسیی ولاتدا. ئەم ململانێیە زۆرتر یا هەر لەجێدا کاتێك سەرهەڵدەدا کە لە لایەك دەسەلاتی سیاسی حاشا لە بوونی جیاوازییەکان و مافە پێوەندیدارەکانیان دەکات و سیاسەتی هاوچەشن کردن یا ئاسیملاسیۆن و تواندنەوەی کولتوور و شوناسی نەتەوەکانی دیکە لە کولتوور و شوناسی نەتەوەی سەردەست پێرەو دەکات و لە لایەکی دیکەش بەرهەمی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی سیاسی و تێگەیشتنی نەتەوە بندەستەکانە لە بارەی شوناس و ماف و ئازادییەکانیان. بەم شێوە کێشەی شوناس، بیرۆکەی مافخوازی و بەرگری لە کولتوور و بوونی نەتەوە دێنێتە ئاراوە کە لە رەوتی گووران و بیچمگرتنی خۆیدا بزاڤێکی شوناسخوازنە بەرهەم دەهێنێ کە جووڵانەوەیەکی رزگاریخوازیی لێ دەکەوێتەوە. واتە دەچێتە قۆناغی پراکتیکەوە و کاراکتەری گشتگیری بەخۆوە دەگرێت. جۆراوجۆری و جیاوازیی بزاڤە شوناسخوازەکان لە نێوەرۆك، ئامانج و میتۆددا، راستەوخۆ دەگەرێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسیی ئەو کۆمەلگاگەلەی کە ئەو بزاڤانەیان تێدا هەلکەوتوون.

رادەی دەروەست بوونی دەسەلاتی سیاسی بە پرەنسیپەکانی دێموکراسی، رادەی توندبوونی سیاسەتی



دیکەی دەوروبەری جیا دەکاتەوە.

لۆژیکی بزووتنەوەی نەتەوەیی پشت بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبەستێ و دەسەلاتی خۆبەرێوە بردن یا تەنانەت جیابوونەوە بە گەرەنتییەك بۆ پێشکەوتن و بەختەوەریی دەزانێ. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خالێکی گرینگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە سیاسەتەکانی دەسەلاتی سیاسی وەك هاوچەشن سازی، ئاسیمیلاسیۆن و هاوچەشنسازی، میکانیزمی رووبەروو بوونەوەی دەسەلات لەگەڵ داخوازییەکانی نەتەوە ژێردەستەکان و هەندێك پالنەری دیکەی وەك زەختی ئابووری و هاندەری دەرەکی، سەرەکیترین فاکتەرەکانی دارێژەری نێوەرۆك و بیچمدەری مێتۆدەکانی خەباتی نەتەوە لە بزووتنەوەی شوناسخوازیدان.

**بزاڤی کۆمەلایەتی و بزاڤی سیاسی:**

لە پێناسەیەکی کورتدا دەتوانین بێژین بزاڤی کۆمەلایەتی بریتییە لە رێکخستنی بیچمدراوو بەرهەستی گروپێکی کۆمەلایەتی بە مەبەستی گۆران یا پارستنی باری ئارایی کۆمەلگا یا پەرەپێدان و بەرگری لە هەندێك ئامانجی دیاریکراو. سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی بزاڤێکی کۆمەلایەتی بریتین لە گشتگیری، بەردەوامی، ئامانجی دیاریکراو، پرۆژەی پراکتیکی و ئایدۆلۆژیای رێنوێن بەلام ئەگەر بزاڤێکی کۆمەلایەتیی وەك بزاڤی نەتەوەیی، بەدەستەوە گرتنی دەسەلات و دیاریکردنی چارەنووسی کردە ئامانج، ئەودەم دەبێتە بزاڤێکی سیاسی و میتۆد و شێوازی تایبەت بە خۆی پێرەو دەکا.

**بزاڤی نەتەوەیی:**

بزاڤی نەتەوەیی، جووڵانەوەی شوناسخوازانەی گرووپێکی کۆمەلگایە کە بە پێی کۆمەلێك خالی هاوبەش وەك کولتوور، مێژوو، نیشتمان و خەمی هاوبەش، خۆی لە گرووپ یا نەتەوەکانی ئاسیمیلاسیۆن، چەوساندنەوە و وەپشتگوێخستنی جیاوازییەکان و هەروەها بەکارهێنانی میتۆدی توندوتیژ و سەرکوت لە رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ویست و داواکانی بزاڤی نەتەوەییدا، کارگەریی راستەوخۆیان لەسەر رادەی دوورکەوتنەوەی نەتەوەکان لە ناوەند و بەرزبوونەوەی خواستی جیابوونەوە هەیە.

بە کورتی دەتوانین هەلومەرجە بەرهەست و دەرهەستەکانی سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوەیی بەم شێوە دەستنیشان بکەین:

هەلومەرجە دەرهەستەکان (شرایط ذهنی): هەست کردن بە هەلاواردنی نەتەوەیی، هەست کردن بە بێبەش بوونی رێژەیی (محرومیت نسبی)، بیروبرِوای دەمارگیرانە و شۆڤێنیستیی دەسەلاتی ناوەندی و هەبوونی بێدادی.

هەلومەرجە بەرهەستەکان (شرایط عینی): هەلاواردنی سیاسی ـ ئابووری ـ کۆمەلایەتی و کولتووری، بێبەش کردن، نابەرابەری و سەرکوتی ویست و ئازادییەکان.

**میتۆدەکانی خەبات لە بزاڤی سیاسی ـ نەتەوەییدا:**

وەك باسمان کرد بزووتنەوەی نەتەوەیی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، میتۆدو میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەڵدەبژێ کە دەبێتە شێوەی خەباتی ئەو نەتەوەیە. ئەوەشمان وت کە هەلبژاردنی جۆری خەبات پێوەندییەکی راستەوخۆی بە چۆنیەتی هەلسوکەوتی دەسەلاتی ناوەندی لەگەڵ ئەو بزاڤە و رادەی دەروەست بوونی بە پرەنسیپەکانی دیموکراسییەوە هەیە. ئەگەر دەسەلاتی سیاسی بروای بە کۆمەلگای مەدەنی و بنەما دیموکراتیکەکان هەبێ، ئەوا بزاڤی رزگاریخوازانەی نەتەوەییش شێوازێکی نەرم و ناتوندوتیژ دەگرێتە بەرو لە رێگای خەباتێکی ژیاری و کولتوورییەوە هەوڵ دەدات ئامانجەکانی دابین بکا. میکانیزمەکانی خەبات لەم میتۆدەدا زیاتر خۆیان لە نافەرمانی مەدەنی، پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵی کولتووری و رووناکبیریی رەخنەگر، خۆپیشاندان و مانگرتنی نارەزایی دەربرین و کردەوە سیمبۆلیکەکاندا دەبیننەوە. ئەم میکانیزمانە نەك هەر تێکدەری دیمۆکراسی و لەژێرپێنەری یاسا نایەنە ئەژمار، بەلکوو لە کۆمەلگای مەدەنیدا وەك گەرەنتییەك بۆ پاراستنی دیمۆکراسی و مافی کەمینەکان لەبەرچاو دەگیرێن کە دەتوانن پێش بە سەرەرۆیی گرووپی زۆرینە و دەسەلاتی سیاسیی بگرن، واتە بیاڤێکی دەسەلات بۆ کۆمەلگا چێ دەکەن لە بەرامبەر دەسەلاتی سیاسیی حکوومەتدا. گرووپ یا نەتەوەی ناڕازی لە کۆمەلگایەکی مەدەنی و لە سیستمێکی دیمۆکراتیدا، لە ئاکامی ئەم شێوە خەباتەدا دەتوانێ رای گشتی ولات و جیهان بۆلای خۆی رابکێشێ و دەسەلاتی سیاسی ناچار بە پاشەکشە و رەچاوکردنی ماف و داواکارییەکانی خۆی بکا و تەنانەت لە دەرەتانێکی دیمۆکراتیکی وەك هەلبژاردن یا راپرسیدا ویستی خۆی پراکتیزە بکا. بەلام وەك وتمان کەلك وەرگرتن لەم میتۆدە کاتێك ولامدەر دەبێ کە دەسەلاتی سیاسی و گرووپی بالا دەست لە بەرامبەر بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسیدا دەروەست بن و بە کورتی کۆمەلگایەکی مەدەنی لە گۆرێ دا بێ.

بەلام ئەگەر دەسەلاتی سیاسی ئامادە نەبێ مل بۆ ماف و ویستە دێموکراتیکەکانی گرووپ یا نەتەوەی بندەست رابکێشێ و رێز بۆ هەولە دیموکراتیکەکانیان دابنێ یا لەجێدا دەرەتانی خەباتی مەدەنی و یاساییان پێنەدا، ئەوا نەتەوەی ژێردەست بۆ دابین کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و بە مەبەستی پاشەکشە پێکردنی حکوومەت یا لانیکەم راکێشانی بیروڕای گشتیی ولات و جیهان هانا بۆ میتۆدی توندوتیژو خەباتی چەکدارانە دەبا، میتۆدێك کە رەنگە لە بەراورد لەگەڵ دەستکەوتەکانیدا ناچار بە دانی تێچوویەکی زۆر ببێ، بەلام نەتەوەی بندەست وەك دوایین رێگا ناچار دەبێ کەلکی لێوەربگرێ.

لە پێناسەیەکی کورتدا دەتوانین بێژین، خەباتی چەکدارانە هەول و تێکۆشانێکی هوشیارانەیە لە پێناو رووخاندن یا ناسەقامگیرکردنی دەسەلاتی سیاسی دا. ئەم میتۆدە بە پێی بارودۆخی سیاسی و خەباتەکەی لە دوو میکانیزمی سەرەکی کەلك وەردەرگرێ. یەکەم شەری پارتیزانی و کۆمەلێك هێرشی بەرتەسك و ئامانجدارە، ئەم شێوازە کە باوترین میکانیزمی خەباتی چەکدارانەیە زیاتر مەبەستی ناسەقامگیرکردنی دەسەلاتی سیاسی و راکێشانی بیروڕای گشتییە بۆ لای ئامانج و ئاریشەی نەتەوەکەی. لەو رێگایەوە هەولدەدا دەسەلاتی ناوەندی ناچار بە دانوستان و رەچاوکردنی داواکارییەکانی بکا. میکانیزمی دووهەم راگەیاندنی شەرێکی تەواو و گشتگیرە کە لە چوارچێوەی ئەرتەشێکی ئازادیبەخشدا هەولی رووخاندنی دەسەلاتی ناوەندی و گەیشتن بە مافەکانی خۆی دەدا. ئەم میکانیزمە بۆ گەیشتن بە ئامانج زۆربەی کات پشت بە هێزو لایەنی دەرەکی دەبەستێ.

وەك پێشتریش باسمان کرد خەباتی چەکدارانە هەلگری تێچوویەکی زۆری گیانی و مادییە، بەلام بێگومان لە کاتێکدا کە دەسەلاتی سیاسی نادیموکراتیك بێ و لەنەبوونی کۆمەلگایەکی مەدەنیدا، کەلك وەرگرتن لە میتۆدی ناتوندوتیژی و خەباتی مەدەنییش تێچوویەکی زۆر هەلدەگرێ و دەسکەوتەکانیشی بەرچاو نابن. چونکە لە دۆخێکی ئەوتۆدا دەسەلاتی سیاسی لە ولامی نافەرمانیی مەدەنی و نارەزایەتی دەربرینی هێمن و شارستانییانەی خەلك دا، پەنا بۆ ئامرازی سەرکوت و میکانیزمی توندوتیژی وەك گرتن، کوشتن، ئەشکەنجە و دوورخستنەوە دەبات و تێچووی گۆرانکارییەکان دەباتە سەرێ ئەمەش راست بۆ نەبوونی کۆمەلگای مەدەنی، نەبوونی دیموکراسییەکی سەقامگیر و بەدامو دەزگاکراو، نەبوونی پێناسەیەك بۆ خەبات و نا فەرمانی مەدەنی لە قامووسی حکوومەت و بە گشتی نەبوونی بیاڤێکی دەسەلات بۆ کۆمەلگا لە بەرامبەر حکومەت دا دەگەرێتەوە.

> **بزاڤی نەتەوەیی، جووڵانەوەی شوناسخوازانەی گرووپێکی کۆمەڵگایە کە بە پێی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش وەك کولتوور، مێژوو، نیشتمان و خەمی هاوبەش، خۆی لە گرووپ یا نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری جیا دەکاتەوە**

---

دریژەی:

## کەسایەتی و روانگەکانی دوکتور شەرەفکەندی لە سمینارێك دا

دا، هێنایە بەرباس. کاك مستەفا لە دوابەشی قسەکانی دا وێرای ئاماژە بە گەورەیی کارەساتی لە دەستدانی کەسانێکی وەك د. شەرەفکەندی، کاك فەتاح، کاك هومایوون و کاك نوری دێهکوردی، لە سەر بەردەوام بوون لە سەر رێگا و ئامانجەکانیان پێی داگرتەوە.

باسی دووهەمی سمینارەکە لە لایەن قادر وریا، ئەندامێکی دیکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا. قادر وریا بەرێزەوە یادی هەر چوار شەهیدی تێرۆری میکونووسی کردەوە. هەروەها بە پێزانینەوە ئاوری لە هەولەکانی دەزگای قەزایی ئەلمان و بریاری دادگای بێرلین لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندی ئەم تێرۆرەدا دایەوە. ناوبراو باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ باسی لایەنە جۆراوجۆرەکانی روانگە و بۆچوونەکانی دوکتور شەرەفکەندی. روانینی دوکتور شەرەفکەندی بۆ پێوەندییە جیهانییەکان بە دوای پێکهاتنی ئالوگور لە ولاتانی سوسیالیستی دا. لەم بارەیەوە بیر کردنەوەی دوکتور شەرەفکەندی لە پێوەندی لەگەڵ ئاشتیی جیهانی دا ئاماژە پێ کرد کە، ئاشتیی لە ناوچە و لە جیهان دا دەبەستەوە بە چارەسەری دێموکراتیك و دادپەروەرانەی کێشە و گرفتەکان. روانینی دوکتور شەرەفکەندی لە بارەی سیستەمە ئیدئولۆژیکەکان، پێوەندیی دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان و، رۆلی دێموکراسی لە ئابووری و پێشکەوتنی ولات دا، بەشێك لە نێوەرۆکی باسەکەی ئەم ئەندامەی دەفتەری سیاسیی حیزبیان پێك هێنابوو. بە پێی وتەکانی قادر وریا، دوکتور شەرەفکەندی هەم تێکۆشەرێکی نەتەوەیی بوو، هەم چەپێکی دێموکرات. هەر لەو کاتەدا کە بۆ رزگاریی نەتەوەکەی لە بندەستی خەباتی دەکرد دژی بندەستی نەتەوەکانی دیکەش بوو و باوەرِی بە برایەتی و هاوخەباتیی گەلان هەبوو. هەر لەو کاتەش دا باوەرێکی قوولی بە سۆسیالیزم و دادپەروەریی کومەلایەتی هەبوو، ئەو باوەری بە سوسیالیزمێك هەبوو کە ئاوێتەی دێموکراسی کرابێ. قادر وریا گوتی: سەرکەوتنی دوکتور قاسملوو لە جێگیر کردنی زۆر باوەرِی نوێ بۆ وێنە لە پێوەندیی لەگەڵ سوسیالیزمی دێموکراتیك دا، تا رادەیەکی زۆر دەگەرێتەوە بۆ هەوڵ و تواناکانی د. شەرەفکەندی کە دەیتوانی بە کاری فکری و نووسین و ئیستدلالی زانایانە و بەهێز، داکۆکی لەم فکرە نوێیانە بکا.

قادر وریا دواتر چووە سەر بیر کردنەوەی د. شەرەفکەندی لە بارەی تیرۆریزم و، گوتی د. شەرەفکەندی لە روانگەی نەتەوەیەکی بندەست کە شانبەشانی بێبەشکران لە مافەکانی، شەرو توندوتیژییشی بەسەردا دەسەپێندرێ، دەیروانییە تیرۆریزم و، پێناسەی دەولەتە زۆردارەکان، بۆ تیرۆریزم کە لە راستی دا خەباتی بەحەقی گەلان دژی خۆیان بە تیرۆریزم ناو دەبەن، روون دەکردەوە. قادر وریا لە کۆتایی باسەکەی دا داوای لە هەموو ئۆگرانی کەسایەتی و بیرو ئەندیشەکانی د. شەرەفکەندی کرد، گرنگی بە باسەکانی ئەو رێبەرە شەهیدە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی نەتەوەیی لە ئێران دا بدەن، چونکە زۆر بۆچوونی بە نرخ و ئیستدلالی بەهێزیان تێدایە بۆ ولامدانەوە بە هەموو ئەو حیزب و لایەنانەی لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دا، دەیانەوێ خۆ لە داننان بە مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران بدزنەوە.

# ئاڵۆزیی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان

✍ حەسەن شێخانی

رەوشی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکە خاوەن ئاڵۆزییەکی تایبەتەو ئاستەنگی زیاتری لەبەردەم دایە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدرێ لەسەر هێندێك لە لایەنەکانی ئەم ئاڵۆزییە راوەستە بکرێ.

بەگەڕ کەوتن و بە گوڕتر بوونی بزووتنەوە یا تیۆریزە کردن و رێبەرایەتی کردنی بزاڤ لە هەلومەرجێکی دژواری وەك رۆژهەڵاتی کوردستان دا کە بتوانێ دەسەڵاتی ناوەندی بخاتە ژێر گوشارو ململانێییەکی جیددی لەگەڵ بکا، پێویستی بە کەسانێکی بیرمەندو تیۆریسێن هەیە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا کەسانێکی ئەوتۆ لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەدی دەکرێن؟

**فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگەی ئێران**

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو کورد سێیەمین نەتەوەی ئێران پێك دێنێ. فرەنەتەوەبوونی کۆمەڵگەی ئێران تا هەنووکە بە زیانی کورد شکاوەتەوە. نەتەوە بندەستەکانی دیکەو بە تایبەت تورکەکان کە دووەمین نەتەوەی گەورەی ئێران پێك دێنن نە تەنیا بە رادەی پێویست و وەکوو کورد خەباتیان نەکردوە بەڵکوو هێندێك جار یارمەتیی دەوڵەتی ناوەندییشیان داوە بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی رزگاریخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

دەوڵەتی ناوەندی بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی "پەرتکەو زاڵ بە" (تەنانەت لە سەر حیسابی کورد) دەرفەتێکی زیاتری بۆ تورکەکان رەخساندوەو گرنگییەکی زیاتری بە ناوچە تورکنشینەکان داوە تا لەم رێگەوە وەفاداری و گرێدراویی ئەوان بە دەست بێنێ و تا رادەیەکیش لەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بووە.

لێرەدا دوو بەربژاری گریمانکراو دەخەینە روو:

١ـ ئەگەر ئێران وەکوو تورکیە یان عێراق تەنیا لە دوو نەتەوەی گەورە پێك هاتباو کورد دووەمین نەتەوەی ئێران بایە، شیمانەی بەهێز ئەوە بوو جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە هەنووکە بەرەوپێش چووباو لە ئامانجەکانی نزیك بباوە. سستی و لە ئارادا نەبوونی خەباتێکی جیددی لە نێو نەتەوەبندەستەکانی دیکە کاریگەریی نێگەتیڤیشی لەسەر کورد داناوە. یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی قبووڵنەکردنی خودموختاری لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ئەوە بوو کە ئەگەر خودموختاری بە ناوچە کوردنشینەکان بدرێ نەتەوەبندەستەکانی دیکەش داوای خودموختاری دەکەن و ئەمەش ئێران بەرەو رەوشی پڕ مەترسیی لێك هەڵوەشان پاڵ پێوە دەنێ.

٢ـ ئەگەر نەتەوەبندەستەکانی دیکە (و بە تایبەت نەتەوەی تورك) بە رادەی پێویست و بە شێوەیەکی هەماهەنگ لەگەڵ جووڵانەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان خەباتیان کردبا، زۆر لە مێژ بوو هەموو نەتەوەبندەستەکانی ئێران بە مافەکانیان گەیشتبوون و هەنووکە دیاردەیەك بە ناوی باڵادەستیی نەتەوەی فارس و دەوڵەتی فارس لە ئارادا نەبوو. لەم حاڵەتەدا یەکێك لە شیمانەکان ئەوە بوو کە ئێران بە شێوەیەکی فیدراڵی بەڕێوە چووبا.

**وێکچوونی فارس و کورد**

ئەگەر زمان، کلتوورو نژادی دو نەتەوەی کوردو فارس لەگەڵ یەکتر بەراورد بکەین وێکچوونێکی زۆر لە نێوان ئەو دوو نەتەوەیەدا بەدی دەکرێ. ئەم لێکچوون و نزیکییە وایکردوە دژایەتییەکان لە هەمبەر دەوڵەتی فارس‌دا نەرم بن و دژایەتییەکی ئەوتۆ نەکەوێتە روو. کوردێك کە لە فارسێك خۆی بە ئێرانیتر بزانێ هەستی بەرهەڵستی، دوور کەوتنەوەو تەکینەوەی لە ناوەند کەمتر دەبێ.

شوناسی نەتەوەیی لەسەر بناخەی جیاوازییەکان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە پێناسە دەکرێ. بە پێی ئەمەش چەمکی بەرگری کردن لە شوناسی نەتەوەیی و خەبات کردن لە دژی ئەو هێزو لایەنانە دێتە ئارا کە دەبنە هەڕەشە بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی. دەکرێ بگوترێ کەم رەنگتربوونی جیاوازییەکانی نێوان دوو نەتەوە، تەنانەت ئەگەری نەرمبوونی بەرهەڵستی لە هەمبەر نەتەوەی باڵادەست دێنێتە ئارا. رادەو ئاستی دژایەتیی کوردی رۆژهەڵات لە هەمبەر دەسەڵاتی ناوەندی و بەراوردکردنی لەگەڵ باکوورو باشووری کوردستان سەلمێنەری ئەم راستییەیە.

جیاوازیی زۆرو لێك نەچوونی نێوان کوردو تورك لە تورکیە، کوردو عەرەب لە عێراق لە رووی زمانی، کلتووری و نژادییەوە وایکردوە کورد دژایەتییەکی توندی دەسەڵاتی سیاسیی دوو نەتەوەی سەردەستی تورك و عەرەب بکا. ئەمەش لەسەر جێگیربوونی سیستمی فیدراڵی لە باشوور، بە گوڕبوونی بزاڤی باکوورو هێزی کەم و هەناسەی کزو سەربرۆکەی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە.

**چۆنیەتی مامەڵەکردنی دەسەڵاتی ناوەندی**

دەوڵەتی ناوەندی تاران بە شێوەیەکی نەرم ئامرازی و زیرەکانە لەگەڵ نەتەوەبندەستەکان دەجووڵێتەوە. هەر چەند دەسەڵاتی سیاسیی ئێران لەسەر بناخەی نکۆڵیکردنی شوناسی نەتەوەبندەستەکان بنیات نراوە بەڵام لە هەمان کاتدا قانوونی بنەڕەتی شوناسی ئەو نەتەوانە لە ژێر ناوی ئەقوام کە دەستەواژەیەکی کلتوورییە نە سیاسی ـ حقووقی، بە فەرمی دەناسێ. واتا هەم بە فەرمیان دەناسێ هەمیش ئینکاریان دەکا. ئەمەش وایکردوە کە دژکردەوەیەکی توندی لە هەمبەر دروست نەبێ.

تورکیە نکۆڵی لە هەبوونی کورد تەنانەت وەك کەمەنەتەوەش دەکرد و ئەوانی بە تورکی کێوی دادەنا. ئەم مەسەلەیە بە تایبەت لە سەرەتاکانی دەیەی هەشتای سەدەی بیستەوە دژکردەوەیەکی توندی لە هەمبەر خۆی خەڵقاند.

دەوڵەتی بەعسی عێراق بە شێوەیەکی سەخت ئامرازی لەگەڵ کورد مامەڵەی دەکرد، زیاتر بە لە ناو بردنی فیزیکی رووبەڕووی کورد دەبۆوەو لە ئاستێکی بەربڵاودا کیمیاباران و ئەنفالی کردن. لە حاڵێکدا ئێران بە شێوەیەکی نەرم ئامرازی (کە دژکردەوەیەکی کەمتر دەئافرێنێ) سیاسەتی توانەوەی کلتووری و ژینۆسایدی سپی پێرەو دەکا. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی ئێران کوردی بە تەواوی ئینکار کردباو زیاتر بە شێوەیەکی سەخت ئامرازی دژایەتیی کوردی کردبا شیمانە دەکرا دژکردەوەی کورد توندترو لە ئاستێکی بەربڵاوتردا بوایە.

ئەگەر بەم فاکتەرانەی سەرەوە چەند کەرتبوونی کوردی رۆژهەڵات لە رووی زاراوەیی و مەزهەبییەوە زێدە بکەین ئاڵوز بوونی پرسی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان باشتر بۆ دەردەکەوێ.

بە سەرنجدان بەم شرۆڤەیەی خرایە روو دەتوانین بڵێین خەباتکردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە نیسبەت پارچەکانی دیکە زەحمەتترو ئەرکی بزووتنەوەش قورسترە.

بۆ ئەوەی جووڵانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخی بێ هێزی و قەیراناوی هەنووکەیی دەرباز بێ و چەشنێك هەڵسانەوەی نەتەوەیی و بەگژداچوونێکی جیددیی دەوڵەتی ناوەندی لەم پارچەی وڵات بێتە ئاراوە، زیاتر لە پارچەکانی دیکە پێویستی بە کاری تیۆری سازی، رێکخستن، خەباتێکی شێلگیرترو بەردەوامتر هەیە. هەروەها بۆ ئەنجام دانی کارێکی ئەوتۆ، پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان توانستێکی زۆر زیاتر لە هەنووکە لە خۆیان نیشان بدەن.

بەگەڕ کەوتن و بە گوڕتر بوونی بزووتنەوە یا تیۆریزە کردن و رێبەرایەتی کردنی بزاڤ لە هەلومەرجێکی دژواری وەك رۆژهەڵاتی کوردستان دا کە بتوانێ دەسەڵاتی ناوەندی بخاتە ژێر گوشارو ململانێیەکی جیددی لەگەڵ بکا، پێویستی بە کەسانێکی بیرمەندو تیۆریسێن هەیە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا کەسانێکی ئەوتۆ لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بەدی دەکرێن؟




## نێوەرۆکی پڕۆژەی "کرانەوەی دێموکراتیک" لە تورکیە

لەم دوایانەدا کۆمیتەی هاوبەشی حکوومەت، سوپاو رێکخراوەکان پڕۆژەیەکی لە ژێر ناوی "کرانەوەی دێموکراتیک" گەڵاڵە کردو بۆ رای گشتی ئاشکرای کرد. ئەم پرۆژەیە پێشتر بە ناوی "پرۆژەی کرانەوە بەڕووی کورددا" ناوی دەبرا. لە خوارەوە پوختەی نێوەرۆکی پڕۆژەکە بخوێننەوە.

١ـ سنووری ئێستای وڵاتی تورکیە دەبێ بپارێزرێت و هیچ مەترسییەك بۆ سەر یەکیەتیی خاکی تورکیە قبووڵ ناکرێ.

٢ـ بەندەکانی ١و ٢و ٣ی یاسای بنەڕەتی تورکیە بە هیچ شێوەیەك گۆڕانکاری تێدا پێك نایە.

٣ـ مادەی ٢١٦ی یاساکانی سزادانی تورکیە گۆڕانی تێدا پێك دێ و مافی ئازادی زیاتری بیروباوەڕی بە هاوواڵتیان دەدرێ.

٤ـ رێگە بە بەکارهێنانی ناوە کوردییەکان دەدرێ.

٥ـ ئاوارەکانی کەمپی مەخموور لە باکووری عێراق بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن بگەڕێنەوە تورکیە.

٦ـ هەر کوردێك ئەگەر دژی تورك شەڕی نەکردبێ، وەك هاووڵاتیی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

٧ـ بەندیخانەی شاری دیاربەکر دادەخرێ.

٨ـ هێندێك گۆڕان لە دەسەڵاتی شارەوانییەکان دا دەکرێ.

٩ـ بەندییەکانی کورد دەتوانن لە بەندیخانە بە زمانی کوردی پێکەوە قسە بکەن.

١٠ـ رێگە دەدرێ قورئان بۆ زمانی کوردی وەربگێڕدرێ.

١١ـ پڕۆژەی ستراتیژی "گاپ" تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ تەواو بکرێ و دەرفەتی کارکردن لە ناوچە کوردییەکان زیاتر بکرێ.

١٢ـ یاسای کاناڵەکانی راگەیاندن گۆڕانی تێدا پێك دێ و رێگە دەدرێ جگە لە زمانی تورکی زمانی دیکەش بەکار بهێندرێ.

١٣ـ رێگە بە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان دەدرێ ئازادانە کارو چالاکی خۆیان بکەن.

١٤ـ بەرنامەو پرۆگرامەکانی خوێندن گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت و ئەو بڕگانە لادەبرێن کە باس لەوە دەکەن تورکیە تەنیا وڵاتی تورکانە.

١٥ـ ئەو سوێندەی کە رۆژانە منداڵان لە قوتابخانەکان دا دەیڵێنەوە، لە ناوچە کوردییەکان گۆڕانی بەسەردا دێ و منداڵانی کورد مەجبوور نابن سوێند بخۆن کە ئەوان تورکن و تا لە ژیاندا بن دیاری بەردەستی کەماڵ ئاتاتورکن و بۆ ئەوە دەژین کە خزمەت بە بیروباوەڕی ئاتاتورك بکەن.

١٦ـ مەلاکان دەتوانن لە خوتبەی نوێژی هەینی جگە لە زمانی تورکی زمانی دیکەش بەکار بێنن.

١٧ـ بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرناکرێت.

# خەباتی مەدەنی و فۆڕمەکانی

سامان فەقێ نەبی
وەرگێڕان لە فارسییەوە: حەسەن شێخانی

بزووتنەوە مەدەنییەکان بەو بزووتنەوانە دەگوترێن کە هزری نەبوونی توندوتیژی دەکەنە بنەمای پراکتیکی خۆیان. لەم چەشنە بزووتنەوانەدا بەشێکی هەرە زۆری کۆمەڵگە بە شێوازی ئاشتییانە و دوور لە توندوتیژی، لە دژی کەمایەتییەکی بچووکی خاوەن دەسەڵات خەبات دەکەن و ململانێی جیدی لە گەڵ دەکەن. ڕێبەرانی بزاڤە مەدەنییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە چەکی سەرەکیی دەسەڵاتداران بەکارهێنانی توندوتیژییە. بەم هۆیە ڕێگە چارەی بنەرەتی ئەوەیە کە لە بیاڤێک دا ململانێی جیددی لە گەڵ دەسەڵاتداران بکرێ کە تێیدا توندوتیژی کاراییەکی ئەوتۆی نیە.

**نافەرمانی مەدەنی لەو کۆمەڵگەیانە دا بەرێکارێکی باش و گونجاو دادەنرێ کە سیستمێکی دادوەریی سەربەخۆیان هەیە. لە بەر ئەوەی کە لەم سیستمانەدا، کەس یا کەسانێک کە یاسایەکی دیاریکراو پێشێل دەکەن تەنیا بەم هۆیەوە سزا دەدرێن کە ئەو یاسایەیان پێشێل کردوە بەڵام تۆمەتی دوژمنایەتی لە گەڵ سیستمی ئارایان لێ نادرێ**

جیاوازی نێوان بزووتنەوە مەدەنی و جەماوەرییەکان لەوەدایە کە بزووتنەوە مەدەنییەکان لە هیچ هەل و مەرجێکدا لە میتۆدی توندوتیژی کەڵك وەرناگرن. لە حاڵێکدا بزووتنەوە جە ماوەرییەکان زۆر جار لە مێتۆدی توندوتیژی وەك ڕێکاری گونجاو بۆ دەربازبوون لە قەیران و ئاستەنگەکانی بەردەم بزووتنەوە کەڵك وەردەگرن. لە لایەکی دیکە بە پێچەوانەی بزاڤە مەدەنییەکان، بزووتنەوە جەماوەرییەکان زۆر جار بزووتنەوەگەلێکی ئایدۆلۆژیکن کە لە کۆتاییدا بەستێنێکی گونجاو و پاساوێکی ئایدلۆژیك بۆ کەڵك وەرگرتن لە توندوتیژی ئامادە دەکەن.

دوو فاکتەری سەرەکی فۆرم و شێوەی خەباتی مەدەنی دیاری دەکەن: ١ـئاستی وشیاریی کۆمەڵگە ٢ـ چییەتی سیستمی دەسەڵاتدار. لە سەر ئەم بنەمایە"هابر ماس" لە سەر ئەم خاڵە پێدادەگرێ کە خەباتی مەدە نی (بە تایبەت لە چەشنی نافەرمانیی مەدەنی ) تەنیا لە هەل ومەرجێکی تایبەتی سیستمە دێموکراتیکەکاندا پێڕەو دەکرێ.

لە ڕاستیدا فۆڕمەکانی خەباتی مەدەنی و چییەتی سیستمی دەسەڵاتدار دوو چەمکن کە پێوەندییەکی دوو لایەنە و حاشا هەڵنەگریان لەگەڵ یەکتر هەیەو فۆرمی خەباتی مەدەنی لە هەر کۆمەڵگەیەك دا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لە گەڵ شکڵی سیستمیسیاسی لەو وڵاتەدا هەیە. فۆرمەکانی خەباتی مەدەنی بریتین لە: نارەزایەتیی یاسایی، دژایەتیی ئەخلاقی، نافەرمانی مەدەنی( بەرخۆدانی نەرێنی) هاوکاری نەکردن و ....

لە کۆمەڵگە دێموکراتیکەکاندا ناڕەزایەتیی یاسایی لە هەمبەر ڕەفتار و کردەوەی دەسەلات یا هێندێك لەیاساکان دیاردەیەکی باوە. لە هەندێك لە کۆمەڵگە دێموکراتیك ( یا تارادەیەك نیوەدێموکراتیك) ەکان، ناڕازییان بە کردەوە و بە شێوەیەکی ئاشکرا هێندێك لە یاساکان پێشێل دەکەن. لەم حاڵەتەدا کە یاسا لە رووی زانابیەوە پێشێل دەکرێ چەشنێك ناڕەزایەتی بە ئەژمار دێ کە ئەم فۆرمە لە ناڕەزایەتیی مەدەنی، نافەرمانیی مەدەنی پێدەگوترێ. نافەرمانی مەدەنی لەو کۆمەڵگەیانە دا بەرێکارێکی باش و گونجاو دادەنرێ کە سیستمێکی دادوەریی سەربەخۆیان هەیە.لە بەر ئەوەی کە لەم سیستمانەدا، کەس یا کەسانێك کە یاسایەکی دیاریکراو پێشێل دەکەن تەنیا بەم هۆیەوە سزا دەدرێن کە ئەو یاسایەیان پێشێل کردوە بەڵام تۆمەتی دوژمنایەتی لە گەڵ سیستمی ئارایان لێ نادرێ.

لە بزووتنەوەی ئافریقای باشوور بەرێبەریی نێلسۆن ماندێلا، ئەو یاسایانە پێشێل دەکران کە نێوەڕۆکی ڕەگەز پەرەستانەیان هەبوو و ئەمە فۆرمێکی هەرە باوی نارەزایەتیی مەدەنی بوو کە لە لایەن زۆربەی رەش پێستەکانەوە پێڕەو دەکرا.

لە بزووتنەوەی مەدەنیی رەش پێستەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی مارتین لۆترکینگ دا ڕەش پێستەکان بە پێشێل کردنی هێندێك یاسای ئەیالەتی (کە ئەوانی لە سپی پێستەکان جیا دەکردەوە و ڕێگەی لێدەگرتن لە گەڵ سپی پێستەکان لە نێو ئوتوبووس، ڕێستوران، هۆتێل و کتێبخانەکان و ... بەیەکەوە بن)، بە کردەوە نارەزایەتیی مەدەنی لە چەشنی نافەرمانی مەدەنییان ئەزموون کرد و بە سەرکەوتن گەیشتن. بەڵام هەر وەك ئاماژە کرا نافەرمانیی مەدەنی لە ولاتانێکدا دەتوانرێ پێڕەو بکرێ کە تارادەیەك دێموکراتن و لە سیستمگەلی توتالیتێر و دەسپۆتیك دا ئەم شێوە خەباتە ئیمکانی نیە.

لە بزووتنەوەی مەدەنیی ڕزگاریخوازانەی هێندوستان بە ڕێبەرایەتیی مهاتماگاندی، میتۆدی هاوکاری نەکردن لە گەڵ دەزگای ئیداریی کۆلۆنیالیستی بریتانیاو هەروەها هێندێك فۆرمی دیکەی خەباتی مەدەنی لەوانە: نەدانی ماڵیاتی خوێ و بایکۆت کردنی بەرهەمەکانی ڕستن و چنینی ئینگلستان پێڕەو کرا کە ئەو خەباتە سەرەنجام رزگاریی هێندوستانی لێ کەوتەوە.



لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەی دیکە لە بزووتنەوە مەدەنییەکان دەکەین کە بە سەرکەوتن گەیشتن:

ـ بزووتنەوەی مەدەنیی خەڵکی لهێستان ( کە زۆربەی لایەنەکانی چەپ و ڕاست تێیدا بەشدار بوون) بە ڕێبەری لێخ والسا لە دژی ڕێژیمی کۆمۆنیستی ئەو وڵاتە.

ـــ خەباتی مەدەنی خەڵکی ئاڵمانی ڕۆژهەڵات کە بە "خۆپیشاندانی دووشەممەکان" ناوی دەرکردبوو. خۆپیشاندانی دووشەممەکان کە لە دوای ڕێورەسمی ئایینی لە کلێساکان بەڕێوە دەچوو لە چەند مانگ دا ڕووخانی دیواری بێرلینی لێ کەوتەوە و جارێکی تر ئاڵمان یەکی گرتەوە.

ـ بزووتنەوە مەخمەلییەکان لە کۆمارەکان و هەندێك لە وڵاتانی گرێدراو بە یەکیەتی سۆڤیەت، لەم نێوەدا دەتوانین بە "شۆڕشی پرتەقاڵی" لە ئۆکراین و هەروەها شۆڕشی ڕەنگاڵەیی لە سێربستان کە لە سەر کار لابرانی سلۆبۆدان میلۆسویچی لێکەوتەوە، ئاماژە بکەین.

### خەبای مەدەنی لە ئێرانی ئەمڕۆدا

کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیك و پاوانخوازە کە هەل و مەرجی پێویست بۆ گەشەی بزووتنەوە مەدەنییەکان لە چوار چێوەی ئەم سیستمە توتالیتێرەدا بوونی نیە. سەرەڕای ئەوەش ئەمرۆکە چالاکانی مەدەنی لە ئێران دا هەوڵ دەدەن لە تێزو میکانیزمەکانی پێشنیارکراو لە لایەن "جین شارپ" لە کتێبی "لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی" کەڵك وەربگرن و لە گەڵ هەل و مەرجی ئەمرۆی ئێران بیگونجێنن.

خەباتی مەدەنی لە ئێراندا خاوەن ئاڵۆزییەکی تایبەتی خۆیەتی و پێویستی بە ناسینی وردی سیستمی کۆماری ئیسلامی و سایکۆلۆژیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێران هەیە. ناڕەزایەتیی یاسایی لە ئێرانی ئەمرۆدا کارێکی بێ واتایە. چونکە هەر چەشنە ناڕەزایەتییەك لە لایەن دەسەڵاتەوە وەك هەوڵێك بۆ رووخانی نیزام لێك دەدرێتەوە و بە توندی سەرکوت دەکرێ. نافەرمانیی مەدەنی بەواتای پێشێل کردنی زانایانەو ئاشکرای هێندێك لە یاساکانیش ئیمکانی نیە، چونکە پێشێل کەرانی یاسایەکی دیاریکراو لە لایەن رێژیمەوە نە بە تۆمەتی پێشێل کردنی ئەو یاسایە بەڵکو بە تۆمەتی دوژمنایەتی لە گەڵ تەواوییەتی سیستم سزا دەدرێن، کە ئەمەش تێچوویەکی زۆر و لە هێندێك کات دا قەرەبوونەکراوی بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی ئێران لێ دەکەوێتەوە.

**نافەرمانیی مەدەنی لە ولاتانێکدا دەتوانرێ پێڕەو بکرێ کە تارادەیەك دێموکراتن و لە سیستمگەلی توتالیتێر و دەسپۆتیك دا ئەم شێوە خەباتە ئیمکانی نیە**

زۆربەی چالاکانی مەدەنی لە هەل و مەرجی هەنووکەیی ئێراندا تێ دەکۆشن کە لە نێوان تێزو مێتۆدەکانی ئاماژە پێکراو لە لایەن "جین شارپ " ، میتۆد و میکانیزم گەلێك دەستنیشان بکەن کە لە گەڵ ڕاستییەکانی ئەمڕۆی ئێراندا دەگونجێ و بە لەبەر چاو گرتنی ئاستی سەرکوت لە لایەن ڕێژیمەوە خەڵك بتوانێ پراکتیزەیان بکا. خەبایی مەدەنی لە ئێراندا فۆرمێکی تێهەڵکێشە لە خەباتە مەدەنییەکان لە چەندین دەیەی رابردوودا. وەکوو بزووتنەوە ڕەنگاو ڕەنگەکانی دیکە،ڕەنگی سەوز لە ئێراندا بۆتە هێمای ناڕەزایەتیی مەدەنی و وەکوو هێندێك لە بزووتنەوە مەدەنییەکانی دیکە، هێندێك لایەنی نێو دەسەڵاتی ئێران لە ئاستی جیاوازدا پشتیوانی لەم بزووتنەوەیە دەکەن. هەتا هەنووکە میتۆدگەلێکی وەکوو ڕێپێوانی یاسایی، نافەرمانیی مەدەنی( ڕاگەیاندنی ئاشکرای قبووڵنەکردنی ئاکامی ڕاگەیەندراوی هەڵبژاردنەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە) و... لە لایەن ناڕازییانی مەدەنییەوە بەکار هاتوە بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژیی رووت لە لایەن ڕێژیمەوە وردە وردە ئەم فۆڕمانە وەلانراون و ئەمڕۆکە چەمکی " بەدفەرمانیی مەدەنی" بۆتە گوتاری باو، جێبەجێ نەکردنی یاساکان بەتەواوی و هاوکاری نەکردن لە گەڵ ڕێژیم (بێ ئەوەی کە دەسەڵات پێی بزانێ) لەم ڕێکارانەن کە لە لایەن چالاکانی مەدەنییەوە پێشنیار کراون و لەم نێوەدا تێدەکۆشن بەلەبەر چاو گرتنی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی سیاسیی ئێران ، ڕێنوێنییەکانی "جین شارپ" پراکتیزە بکەن. بۆ نموونە لەو ڕێوڕەسم و بۆنانە دا کە پێویستی بە ئیجازەی یاسایی نیەو ڕێژیم لەو بۆنانە کەڵکی سیاسی وەردەگرێ، هەوڵ دەرێ خەڵك بۆ کەڵك وەرگرتن لەم دەرفەتانە هان بدرێن و ئەم بۆنانە بکرێنە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕێژیم.

خەباتی مەدەنی و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی لە ئێراندا، بە تێگەیشتنێکی دروست لە کۆنسێپتەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی مەدەنییەکان و چونیەتیی گونجاندنیان لەگەڵ ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و ئاڵۆزیی سیستمی سیاسیی ئایدۆلۆژیك و توتالیتێری دەسەڵاتدار لەم وڵاتەدا گرێدراوە. چالاکانی مەدەنی بیر لەوە دەکەنەوە کام فۆرم لە فۆڕمەکانی خەباتی مەدەنی لە ئێراندا کەمترین تێچووی دەوێ؟ چ میتۆدێك ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ناڕازییان لەگەڵ هێزە سەرەکوتکەرەکانی ڕێژیم زۆر کەم دەکاتەوە؟ چ مکانیزمێك توانای ڕاکێشانی تەشکیلاتی و فیکریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەوانە ژنان، کرێکاران، خوێندکاران، کارمەندان، مامۆستایان و... هەیە؟ ئەمانە بابەتگەلێکن کە بوونە جێی سەرنجی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە ئێراندا، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی ئێران و چییەتی سیستمی سیاسیی دەسەڵاتدار لەم وڵاتەدا هەیە.

# دژایەتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرهەمی لۆژیکیی کۆنە پەرستی

✍ ڕەحمان سەلیمی

هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ئێراندا، ئاڵۆزییەکانی نێو پێکهاتەی دەسەڵاتی ئێرانی زیاتر لە هەمیشە ئاشکرا کردو پێوەندییەکانی نێوان تاقمی دەسەڵاتدارو لایەنگران و پشتیوانانی شۆڕش لە لایەك و خەڵکانیی تووڕە لە سەرەڕۆیی ئایینی و کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە کردە ڕۆژەڤی میدیا نێوخۆیی و دەرەکییەکان.

ڕەهەندەکانی قەیرانی پاش ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان کە تێیدا فێڵ و تەڵەکەی بەربڵاو لە پێناو دانانی مۆرەیەکی گوێڕایەڵی ڕێبەر بۆ پۆستی سەرکۆماری بەڕێوە چوو، ناڕەزایەتیگەلی گەورەی لێکەوتەوە کە لە جۆری خۆیداو لە ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بێ‌وێنە بووەو هەیکەلی ماندووو تێکچڕژاوی ویلایەتی فەقیهی بەرەو دارمان برد.

لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو پرسە لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە باس و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کراوە. مەبەست لەو وتارە ئەوەیە تا بە چاوخشاندن بە دادگایی بە کۆمەڵی ڕیفۆرمخوازان و لە پەنای ئەوەشدا، دادگایی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە لایەن دادستانی تارانەوەو دەقی داوانامەکەی دادستانی گشتی کە کۆمەڵێك لە زانایانی ڕانستە مرۆڤایەتییەکانی ڕۆژئاوای بە دنەدان و بوار خۆش-کردن لە نائارامییەکانی دوای هەڵبژاردن تۆمەتبار کردبووو هەروەها لە ئاستێکی بەرزتردا، وتەکانی خامنەیی، ڕێبەری ئێران سەبارەت بە نیگەرانیی ناوبراو لە خوێندنی نزیك دوو میلیۆن خوێندکار لە بواری جۆراوجۆری زانستە ئینسانییەکان، یەکێك لە لایەنەکانی سیناریۆی هەڵبژاردن، کە ترس لە ئەندێشەی گەورە پیاوانی هزرو پێشگرتن لە پەرەگرتنیان لە نێو خەڵك و، بە تایبەت خوێندکارانە، شرۆڤە بکا.

ڕێبەری ئێران کە ماوەیەك لەمەوبەر لە کۆبوونەوەی کۆمەڵێك لە مامۆستایان و ئەندامانی لێژنەی زانستی و سەرۆکەکانی زانکۆکانی ئێران قسەی دەکرد، مەجلیس و شووڕای بەرزی شۆڕشی فەرهەنگی وەك لێپرسراوی ڕاگەیشتن بەو پرسە ڕاسپارد. ناوبراو وتی: "بەشێکی بەرچاو لە زانستە مرۆڤایەتییەکان لەسەر فەلسەفەیەك دامەزراون کە بنەماکانی ماتریالیزم و بێ‌بڕوایی بە ئامۆژگارییەکانی ئیسلام و خودان. هەروەها ڕایگەیاند:"وانە وتنەوەی ئەو بەشە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆکاندا دەبێتە هۆی پەرەگرتنی دوودڵی و گومان لە بنەما ئایینی و ئیدئۆلۆژیکییەکان". ئەو وتانە حەوتوویەك پاش بەڕێوەچوونی دادگاییەك ڕاگەیەنرا کە تێیدا دەقێك بە ناوی سەعید حەجاریان و لە لایەن پارێزەری داسەپاوی ناوبراو لە مەحکوومکردنی بەشێك لە زانستە مرۆڤایەتییەکان خوێندرایەوە. هێرش بۆ سەر زانستە مرۆڤایەتییەکان لە دان-پێدانانەکانی حەجاریاندا، کە بە بڕوای هێندێك وەك مۆرەی دووەم و تێئۆریسیەنی ڕیفۆرم ناودێر کراوە، بەستێنی بۆ وتاری خامنەیی سەبارەت بە ڕۆڵی دنەدەرانەی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە زانکۆکان لە ئاڵۆزییەکانی ئەم دواییانەدا لەبار کرد کە بە گومانی زۆرێك لە چاوەدێرانی سیاسی بواری لەباری بۆ شۆڕشی فەرهەنگیی دووەم و کۆنترۆڵی فەزای زانستی و پۆلیسی-کردنی زانکۆکان لە بەرەبەری کرانەوەیاندا ڕەخساند.

چاوپێداخشاندنێکی کورت بە ڕۆڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، یارمەتیمان دەکا باشتر لە هۆکارەکانی هەڵوێستی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو بوارەدا بگەین.

بنەما هزرییەکان لە گشت بوارەکانی زانستی مرۆڤایەتیی‌دا بە زۆری بەرهەمی هزرڤانانی ڕۆژئاوان دەدەن لە بنەڕەتدا بێ‌بنەمان و تەنیا بە مەبەستی سەپاندنی هێز بەسەر نەیارەکانی‌دا گوتراوە.

لەو وڵاتانەی کە دێموکراسی و پلۆڕالیزم، پرەنسیپی بنەڕەتی و دان‌پێدانراون، ترس لە زانستی مرۆڤایەتی واتایەك ناگەیەنێ. بەڵام لە سیستەمگەلێکی سیاسی‌دا کە ئۆلیگارشی حوکم دەکاو دەسەڵات لە پاوانی تاك، گرووپ یا حیزبێك دایە، بەرتەسك‌کردنەوەو لە بێژنگ-دانی زانستە مرۆڤایەتییەکان و




و سیستەمە سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابوورییەکانی جیهان لەسەر ئەو بنەمایانە دادەڕێژرێن و ڕادەی گەشە لە گشت ڕەهەندەکانی خۆی لە هەر کۆمەڵگەیەك‌دا بە کەمایەتی و چۆنایەتیی ڕووناکبیران و بەربژێران یا بە واتایەکی دیکە هێزە بەرهەمهێنەرە فیکرییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەو پێوەندیی ئۆرگانیکی سیستەمە سیاسییەکان و ئەو گرووپانەو هەروەها ڕادەی کەڵك وەرگرتن و بە کارهێنانی حکوومەتان لە لێکۆڵینەوەو بیرۆکە زانستییەکانی ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەوە هەیە. لە لایەکی دیکەوە تیۆرییەکانی زانستی مرۆڤایەتی هەڵوێستی ڕوون و تایبەتیان لەسەر پرسەکانی ڕۆژی کۆمەڵگە نیەو ناکرێ بەرهەمی زانستە مرۆڤایەتییەکان بخرێتە قالبێکی دیاریکراوی ئیدئۆلۆژیك وەك ئایینی یا نائایینییەوە.

بەڵکوو ئەو زانستانە لە گشت کۆمەڵگەکان‌دا خاوەن ڕەگەزێکی هاوچەشنن و لە ڕوانگەیەکی بێ-لایەنانەو واقیعبینانەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن و لێکدانەوەی بۆ دەکەن. کەوابوو بە پێی ئەو ڕاستییەی ئاماژەمان پێ کرد وتەکانی خامنەیی سەبارەت بەوەی کە زانستی مرۆڤایەتی، پەرە بە دوودڵی و بێ‌بڕوایی لە کۆمەڵگەدا ڕێکخستنیان لەگەڵ بایەخە تایبەتەکانی دەسەڵاتداران، هەنگاوێکی گرینگ و تەنانەت پێویستە لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و درێژەدانی پاوانخوازیی فەرمانڕەواکان و ڕەنگبێ تەمەنی دەسەڵاتدارێتیان بەرێتە سەرێ. کەوابوو ڕووداوەکانی ئەو دواییانەی ئێران لە دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی زانستی مرۆڤایەتی لە وتەکانی ڕێبەری ئێران و دەستوپێوەندییەکانی و لە ئاکام دا کارکردی ئۆرگانە پێوەندیدارەکان لە ئاست سانسۆڕو بەرتەسك‌کردنەوەی ئەو بەشە لە زانست، لەو ڕوانگەیەوە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێ. لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین بەرهەمە زانستییەکانی مرۆڤ سەبارەت بە پرسگەلی گرینگی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەکان لەگەڵ ڕەوایی ئاسمانی و ئیلاهی و جێ-نشینی ئیمامی زەمان، دژایەتییەکی جەوهەری هەیە. هەر بەو هۆیەوە دڵەڕاوکێی ڕێبەرانی ئێران لە خوێندنی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە ناوەندە زانستی و زانکۆکان و پەرەگرتنیان لە نێو لاوانی ئێراندا، تەواو عەقڵانی و لۆژیکییە. تا ئەو کاتەی ڕەوایی ئاسمانی جێگەی خۆی نەدا بە ڕەوایی زەمینی و دەسەڵات، ڕەنگدانەوەی دەنگی خەڵك نەبێ و پرەنسیپە عەقڵانی و دژایەتیی ئیسلام لە زانکۆکان دەرکردو پێڕستی وانەکانی زانکۆیان گونجاو لەگەڵ سیاسەتە تەك ڕەهەندییەکانی خۆیان گۆڕی بەو هیوایەی کە بە جێگرتنەوەی ئەو بنەما تیۆریانەی کە سیستەمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی لە سەر دامەزرا بوو بە جێگەی دەسکەوتگەلی زانستە مرۆڤایەتییەکان لە جیهانی پێشکەوتوودا، بتوانن نەوەیەك پەروەردە بکەن کە پشتیوان و لایەنگری بایەخەکانی ئەو سیستەمە بێ. بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات، تێ گەیشتن کە هەرگیز ناتوانن لاوانی تینووی زانستی نوێ لە دەسڕاگەیشتن بە چەمکە نوێیەکان دوور ڕاگرن و بەم چەشنە شۆڕشی فەرهەنگی، ئامانجی تەواو پێچەوانەی لێکەوتەوەو ڕێژیم نەیتوانی بە مەبەستەکانی بگا. وێدەچێ ڕێبەرانی ڕێژیم ئەوجارەش بە ئەزموون وەرنەگرتن لە ڕابردوو، زانکۆکان بە وتەی خۆیان پاکسازی بکەن و شەپۆلێك لە دەرکردنی مامۆستایانی ناسراو و بیرمەندو ڕەنگبێ خوێندکارانی جیابیریش وەڕێ بخەن و بەو شێوەیە بنەما تەواو لەرزۆکەکانی ڕێژیم سەقامگیرو پتەو بکەن و شۆڕشی فەرهەنگیی دووەم وەڕێ بخەن کە زانستییەکان نەتوانن جێ بە ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیە چۆڵ بکەن، شایەتی دژکردەوەی توندتر لەو بوارەدا دەبین.

مەسەلەیەك کە جێگەی تێڕامانە ئەوەیە کە ڕێبەرانی ئێران پاش شۆڕشی ٥٧، بە مەبەستی هەماهەنگکردن و ڕێکخستنی فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ بایەخەکانی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو، کەوتنە دژایەتیی توندی زانکۆکان و بە تایبەت زانستە مرۆڤایەتییەکان. بە چەشنێك کە لە ساڵی ٥٩ پرۆژەیەکیان بە ناوی شۆڕشی فەرهەنگی وەڕێ خست کە تێیدا ٣ ساڵ دەرگەی زانکۆکانیان داخست و هەزاران مامۆستای بیرمەندو دەیان هەزار خوێندکاری جیابیریان بە تۆمەتی گوێ ڕایەڵی بێگانەو قۆناغی یەکەمی بە تەواوی بەرەوڕووی شکست بۆوە. ڕێبەرانی ڕێژیم دەبێ باش بزانن کە قەت ناتوانن کەشی زانستیی ئێران لە ڕەخنەگران بەتاڵ بکەن و بەو سیاسەتانەی خۆیان بە تایبەت بە بوونی کاناڵگەلی جۆراوجۆرو خێرای گواستنەوەی زانیارییەکان، تەنیا تەریك کەوتنەوەی هەرچی زیاتر و لە ئاکام دا داڕمانی خێراتری خۆیانی لێ دەکەوێتەوە.

ترسی ڕێبەرانی ڕێژیم لە ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانەی خەڵك، کۆمەڵێك کردەوەی ناعەقڵانی و هەڵنەسەنگێنراوی سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخە بەسەردا سەپاندن و کەلێنی توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە پێناو خەباتی هاوبەش دژی سەرەڕۆیی ئایینی کەم کردەوەو لە ئاکام دا بوو بە هۆی ئەوەی کە تێچووی سەرکوتی خەڵك زۆر زیاتر لەو دەسکەوتانە بێ کە بەربێژییان کردبوون. گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵك و بەتایبەت نەوەی پاش شۆڕشی ٥٧ لە ئێران دا و سەرهەڵدانی بیری پێشکەوتووو ئاشنا بوون لەگەڵ بایەخە جیهانگیرەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵات و سیستەمە پەروەردەییەکەی دا، قابیلی گەڕانەوە نییەو قبووڵکردنی دیکتاتۆری و توتالیتاریزمی لەلایەن خەڵکەوە زیاتر لە جاران خستۆتە ژێر پرسیارو گومانەوە.

لە ڕاستیدا ساختەکاری لە ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دا تەنیا هۆکارێکی خێراییبەخش و بیانوویەکی گونجاو بوو بۆ دەربڕینی بێزاری لە دەسەڵات و هێنانە ئارای داواکارییەکانی خەڵك و، درێژەکێشانی خەباتی خەڵك لە بیاڤەکانی دیکە دا بەرەو بزووتنەوەیەکی پێکهاتەشکێن و ڕووخێنەر هەنگاو دەنێ و ئاکامەکانی لە مەسەلەی ساختەکاری لە هەڵبژاردن و پێشێل کردنی دەنگی خەڵك تێدەپەڕێ. ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیی نێو دەسەڵات کە بەردەوام وەك سوپاپێکی هێورکەرەوە بۆ پاراستنی ڕێژیم بەکار هاتوە، ئێستا ڕادیکالیزە بووەو بنەما فیکری و پێکهاتەییەکانی کۆماری ئیسلامی کردۆتە ئامانج. هەڵبەت ئەوەی کە ئامانجەکانی ئەو ڕەوتە تا چ ڕادەیەك داخوازەکانی خەڵك لە خۆ دەگرێ، لە گرینگی ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانە وەك بزووتنەوەیەکی بەرفراوان کەم ناکاتەوە. لەبەر ئەوەی کۆی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك، قامکی پرسیارو گومان دەخاتە سەر گوتاری پاشڤەڕۆیی و کۆنەپەرستی و دژکردەوەی دەسەڵاتبەدەستان و سەرکوتی خەڵکی ئاشتیخوازو دژایەتیی لەگەڵ زانستە مرۆڤایەتییەکان بەرهەمی لۆژیکی کۆنەپەرستییە.

**ترسی ڕێبەرانی ڕێژیم لە ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانەی خەڵك، کۆمەڵێك کردەوەی ناعەقڵانی و هەڵنەسەنگێنراوی سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەو دۆخە بەسەردا سەپاندن و کەلێنی توێژە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی لە پێناو خەباتی هاوبەش دژی سەرەڕۆیی ئایینی کەم کردەوە**

# شکەنجە بەشێکە لە فەرهەنگی سیاسیی کۆماری ئیسلامی

✍ کوێستان فتووحی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سی ساڵ دەسەڵاتدارەتی خۆی‌دا هەموو کات وەك کەرەسەیەکی سەرکوتکەرانە لە شکەنجە دژی نەیاران و نارازییان لە دەسەڵاتەکەی شکەنجەیەك کەڵکی وەرگرتوە.

لەم ڕۆژانەدا مەسەلەی شکەنجە لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا بۆتە باس و خواسی ڕاگەیەنەکانی جیهان و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان. زۆربەی هەواڵەکان دڵتەزێن و ڕاچڵەکێنەرن. هەواڵی شکەنجە و دەستدرێژی بۆ سەر دەستبەسەرکراوانی نارازی لە ئاکامی هەڵبژارنی سەرکۆماری، بە جۆرێکن ویژدانی هەر ئینسانێکی مافخواز و ئازادیخواز ئازار دەدەن و شەپۆلێك لە تووڕەیی و بێزاری لە دژی حاکمان و مەئموورانی زیندانەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان وەڕێ خستوە و ئەم تووڕەیی وبێزارییە لە حاڵی پەرسەندان دایە و بۆتە قەیرانێکی گەورە لە نێوان دنیای دەرەوە و خەڵك و حاکمانی وڵاتی ئێران.

شکەنجە: جیا لە ماناو مەفهوومی نێو قامووس کە بە مانای شکان و ورد کردن دێ، ترسناکترین کردەوەیەکە کە ئینسان بەرامبەر بە ئینسان بەڕێوەی دەبا. مێژووی شکەنجە لەگەڵ دروست بوونی ئینسان دەستی پێ‌کردوە. کاتێك کە یەکەم جار نارەزایەتی لە دژی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتخوازی دەستی پێ‌کردوە، شکەنجەش بە مەبەستی سەرکوت، بەچۆکداهێنان و بێدەنگ کردنی نارازی، کەڵکی لێ‌وەرگیراوە. ئامانجی جەللادەکانی حکوومەتە دیکتاتۆرەکان کوشتنی ڕۆحی ئینسانە نارازییەکان بووە. ئەو ئینسانانەی خەبات دەکەن بۆ ئازادی و عەدالەت، بۆ جوان کردنی کۆمەڵگای ئینسانی، یەکەمین قوربانییانی لە شکەنجە و سەرکوتن.

لە قاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانەکاندا و، پێداگری لە سەر سزادانی بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە تاوانانە، ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانیی هەموو مرۆڤێکی بەویژدانە

ئەوەی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا روویان داوە بێ‌وێنەن. مەگەر زیندانییەکان هەر خۆیان بزانن چ بەسەر ئینسانە خەباتکار و ئازادیخوازەکان هاتوە و دێ. دەنگو باسەکانی ئەم دواییانە ناتوانن دیمەنی سی ساڵ ئازار و مەینەتییەکانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی و



هەموو ئەو شتانەمان بخاتە بەرچاو کە لە زیندانەکان دا روویان داوە. یان دەبێ خۆت لە جێگای ئەو کەسانە دانێی کە لەبەر دەستی شکەنجەگەرەکانی ئەو رێژیمەدا بوون، ئەگینا وشە و دێڕەکان ناتوانن ترس و خۆف و ئازارەکان و دڵڕەقیی مەئموورەکانی نێو زیندانەکان وەك خۆیان نیشان بدەن.

یەکێك لە شێوەکانی شکەنجە لە زیندانەکانی حکوومەتی "ئیسلامی!" لە ئێران دا دەستدرێژیی جینسییە کە لەم رۆژانەدا زیاتر پەردە لەسەر ئەو جینایەتە وەحشیانەیە هەڵدراوەتەوە.

دەستدرێژیی جینسی بۆ شکاندنی کەسایەتی یان بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان؟

دەستدرێژیی جینسی یەکێکە لە توندترین و بەئازارترین شکەنجانە بۆ رووخاندن و شکاندنی رۆحی ئازادیخوازییە. چیرۆکی دەرد و ئازاری قوربانیانی دەستدرێژی لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا چیرۆکی ٣ مانگ لەمەوبەر نیە، بەڵکوو چیرۆکێکی راستەقینەی ٣٠ ساڵەیە و زۆر کەس ئەو ئازارەیان لەگەڵ خۆیان بردۆتە بن گڵەوە. ئەوانەی لە دەیەکانی ٦٠ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ئێستاش پاش چەندین ساڵ رزگار بوون لە زیندان ئازارەکەی لە دەروونیاندا هەر ماوە و کاریگەیی خراپی لە سەر ژیانیان داناوە. ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام دیمەنەکانی ئەو ڕووداوە بەئازارەی کە بەسەریان هاتوە وەخت و ناوەخت دێتەوەبیریان و پێوەی دەناڵێنن. بەڵام کەم کەس هەست بە بارودۆخی دەروونیی ئەوان دەکا..

ئەگەر تا دوێنێ بەبیستنی هەواڵی دەستدرێژیی جینسی بۆ سەر کچان و کوڕانی ئەم وڵاتە خەڵکێکی زۆر رادەچڵەکین دەبوون و بە ناباوەڕییەوە دەیانگوت چۆن شتی وادەبێ؟!

ئەگەر تا دوێنێ قوربانیان بەهۆی شەرمەوە نەیاندەتوانی هەموو ئەو کردەوانەی لە زیندان بەدەستی مەئموورانی رێژیم بەسەریان هاتوە بدرکێنن، ئەمڕۆ ئیدی بەهۆی ئاگایی نەوەیەکی نوێ لە ئێراندا ئەو ئازارانەش چی دیکە سەرپۆشیان لەسەر دانانرێ و بەم جۆرە رێگە نادرێ نییەتەکانی ئەم رێژیمە سەرکوتکەرە وەدی بێ. رێژیم پێی وابوو بەم شێوە شکەنجەیە ژنان و پیاوانی ئەم وڵاتە سەرشۆڕی خۆی دەکا و بەچۆکیاندا دێنێ. بەڵام ئێستا ئەو سەرشۆڕییە سەری خۆی گرتۆتەوە و لای خەڵکی ئێران ریسوا بووە و خەریکە لە لای وڵاتانی دیکە هەموو کۆڕو کۆمەڵە ئینساندۆستەکانی جیهانیش بەتەواوی ریسوا دەبێ.

لە کۆتایی دا دەڵێین ئەوانەی تا ئەمڕۆ ئەم ئازارەیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرتوە، ئێستا ئیتر باشترین کاتە بۆ وتنی نەوتراوەکان و با چی دیکە جینایەتەکانی رێژیمی ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە ئازادیخوازانی ئەم وڵاتە نەچێتە خانەی فەرامۆشی یەوە. قوربانیانی زیندووی جینایەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەئاشکراکردنی کردەوەی جینایەتکارانی رێژیمی ئیسلامی ئێران، ئەرکێکی گرنگی مێژوویی بەرامبەر بە شەهیدانی رێگای ئازادیی خەڵکی ئێران، جێبەجێ دەکەن و رەنگە گیانی ئەو مرۆڤانەش کە هەر ئێستا لە چاڵە رەشەکانی دەسەڵاتدارنی جینایەتکار دان رزگار بکەن.

راستییەکەی ئەوەیە شکەنجە و سەرکوت کە سروشتی ئەم رێژیمەیە ناتوانێ ئازادیخوازان بەچۆك دا بێنێ. بەو حاڵەش دەبێ هەوڵ بدرێ سەرچاوەی جینایەت و دەستدرێژییەکان وشك بکرێن، بۆ ئەوەی دەستووردەران و عامیلانی کوشتار و شکەنجەگەران بە سزای کردەوەکانیان بگەن و هیچ دەسەڵاتێك لێرە بەدواوە نەتوانێ بە پێچەوانەی کۆنوانسیۆنە نێونەتەوەیی یەکان لەگەڵ بەندکراوان و نەیارانی خۆی رەفتار بکا. لە قاودانی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانەکاندا و، پێداگری لە سەر سزادانی بەڕێوەبەرانی ئەو جۆرە تاوانانە، ئەرکی ئەخلاقی و ئینسانیی هەموو مرۆڤێکی بەویژدانە.

komelayeti@hotmail.com

# ڕۆشنە

## باڵندەی کام دارستان بە زمانی خۆی ناخوێنێت؟

✍ عەلی بداغی

بە کرانەوەی دەرکی قوتابخانەکان و دەسپێکی ساڵێکی دیکەی خوێندن لە رۆژهەڵاتی کوردستان وێنەیەکی دیکە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی کورد زیاتر لە هەر کاتێك خۆی دەردەخا، ئەویش خوێندنی زیاتر لە دوو میلیۆن کەسی کوردە بە زمانێك جگەلە زمانی زگماکی و دایکیان. سەرەڕای ئەو پێشێلکارییەی مافی مرۆڤی کورد لایەنێکی دیکەی زیانەکانی ئەو کێشەیە وەدوا کەوتنی پرۆسەی فێربوون و پەروەردە بوون بە تایبەت بۆ منداڵانی قۆناغی سەرەتاییە. چونکی منداڵێك کە لە منداڵدانی دایکی دا گوێی لە زمان و دەنگی دایکی دەبێ و دوا بە دوای لە دایکبوونی و لە کاتی بیستنی ئەو زمانەدا گوێی لێ‌دەگرێ و پێی هێور دەبێتەوەو بەرەبەرەو لەگەڵ هەڵدان و گەورە بوون فێری دەبێ و هەر بەو زمانە بیر دەکاتەوەو فێری ئەوە دەبێ کە چۆن ویست و داواکانی خۆی بەو زمانەی کە فرچکی پێ‌گرتوە لەگەڵ کەسانی دەورووبەری بێنێتە گۆڕێ، لە پڕ بەسەر زمانێك دادەکەوێ کە ماناو دەربڕینەکەی زۆر جیاوازە لە زمانی دایکیی‌و نەك ناتوانێ بەو زمانە بیر بکاتەوە، بەڵکوو لە ئاخاوتن و فێر بوونیشی دا تووشی زۆر گرفت و تەنگ و چەڵەمە دەبێتەوە. ئەوەش لە خۆڕا نیە، چونکی پێوەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان مێشك و زمان و دڵ دا هەیە و هەر لە رێگەی ئەو پێوەندییەوە هەست و نەست و ئەزموونەکان بیچم دەگرن. مرۆڤ بە زمانی زگماکیی خۆی دەتوانێ زۆر بەباشی و بێ گرێ و گۆڵ باس لە خۆشی و خەمەکانی، هەست و چێژو بیرەوەرییەکانی، حەزو خۆزگەو ئاواتەکانی بکاو هەر لەو رێگەیەشەوە شوناس و پێناسی خۆی وەرگرێ. بەڵام پێمل کردنی منداڵانی کورد بە خوێندن بە زمانی فارسی هەر لە جێ دا ئەو پێوەندییە تێك دەداو لە رووی دەرونی و کەسایەتی و زێهنییەوە یەکەم زەربەی قورسی خۆی لێ دەدا.

زمان لە روویەکی دیکەشەوە پێوەندییەکی چڕی لەگەڵ شوناسی مرۆڤەوە هەیە، ئەگەر بێتو ریزە شوناسێکی وەك شوناسی مێژوویی، شوناسی کلتووری، شوناسی زمانی و شوناسی ئایینی بە پاژە سەرەکییەکانی پێك هێنەرێ کەسایەتیی مرۆڤێك بزانین، ئەوا شوناسی زمان گرنگترین و لەسەرووی هەموو ئەو شوناسانەوەیە. چونکی ئەو کەسە یان هەر کەسێك بەر لەوەی بزانێ کە چ دین و ئایینێکی هەیە، بەرلەوەی بزانێ رەگەزی خۆی چیە و نێرە یا مێ، بەر لەوەی بزانێ بەچکە هەژارە یا دەوڵەمەندو چ پلەو پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی هەیەو تەنانەت بەر لەوەش کە بزانێ خەڵکی چ نیشتمانێك و وڵاتێکە، لە شوناسی زمانیی خۆی تێ‌دەگاو خۆڕسکانە خۆشی دەوێ و هەوڵی پاراستنی دەدا.

خاڵی گرینگ و جێی سەرنج ئەوەیە کە بەداخەوە ئەوە تەنیا دەسەڵاتی ناوەندی نیە کە رێگری لە خوێندن بە زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکان لە کوردستان و ئێراندا دەکاو ئەوە بە مەترسییەك بۆ سەر ئاسایشی دەسەڵاتەکەیان و پاراستنی وڵاتەکەیان راڤە دەکەن، بەڵکوو لە نێو کۆمەڵگەی رووناکبیری و بژاردەکانی وڵاتیش دا ئەو گوتارە بەهێزە کە بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵات ئەشێ هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتە بە زمانی فارسی بخوێنن و بەو زمانە بئاخێون و بە هیچ جۆرێکیش بیر لەوە ناکەنەوە کە فێربوون و خوێندن بە زمانی زگماکی لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا بە مانای وەمەترسی خستنی یەکپارچەیی سنوورەکانی ئەو وڵاتە نیەو ئەگەر هاوپێوەندیی و هەستی پێکەوە ژیان و پێکەوە گونجانی دانیشتووانی وڵاتێکی لەو چەشنە کزو لاوازە، ئەوا هۆکارەکەی بۆ چۆنییەتی هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەسەڵات بەدەستانی و خاوەنانی هێز لەو وڵاتەدا دەگەڕێتەوە.

سەبارەت بە زمان و مافی مرۆڤیشەوە پێویستە بگوترێ کە زمان ماکەی هەموو مافە سروشتییەکانی مرۆڤە. زمانی زگماکی وەك یەکەم شتە کە زارۆی مرۆڤ فێری دەبێ و بۆ هەتاهەتایە قسەی پێ‌دەکا و بەکاری دێنێ. هەر بۆیەش مافی خوێندن بەو زمانە وەك مافی ژیان، مافی خاوەنێتی و مافی هەبوونی بیرو باوەڕو ئایین بەشێك لە مافە بنەمایی و سەرەکییەکانی هەر مرۆڤێکن و هیچ دەوڵەتێك بۆی نیە لە پرۆسەی خوێندن دا زمانێك جگەلە زمانی زگماکیی بەسەر دانیشتووانی وڵاتەکەی دا بسەپێنێ.

بەڵام خەڵکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆیان نیە بە زمانی زگماکیی خۆیان بخوێنن، بەرەوڕووی ستەمێکی کۆمەڵایەتیی و کلتووری و سیاسی زۆر گەورە بوونەتەوەو ئەوەی کە سەرەڕای هەموو ئەو رێ‌گێرییانەو دوای تێپەڕینی سەدان ساڵ لە سیاسەتی توانەوەی کلتووری و زمانی رۆڵەکانی ئەو گەلە شوناسی خۆیان پاراستوەو زۆر سەرکەوتن و هەڵدانیان لە مێژووی نەتەوەکەیان دا تۆمار کردوە، ئەوە بۆ ئازایەتی و ئیرادەی بە نەتەوەو دەوڵەت بوونی ئەو میللەتە دەگەڕێتەوە

# کۆچی ناوەختی قەڵەمێک

## کاتێ مردم، لە جیاتی ئاڵای بێرونگم، جامانەی پێشمەرگە داخەن

لــە ٢٥ی خـــەرمانانی ئەمســاڵ دا، مامۆستا حەسەن سەلاح (سۆران) لە تـاران لـە تەمـەنی ٦٨ سـاڵیدا کۆچـی دوایی کرد.

حەسەن سەلاح کوڕی سەرهەنگ برایم ســەلاح (لــە فەرمانــدەرانی هێــزی پێشــمەرگە لــە ســەردەمەی کۆمــاری کوردســتان دا) بــوو. بــاوکی، خــۆی گوتـەنی بە بنەچـەکە دەچێتەوە سـەر فــەرمانڕەوایانی موکریــان و دایکیشــی (ئامینەی گەلاوێژ) لە بنەماڵەی ناسراوی ئـــەردەڵان (خوشـــکەزای ســـەردار ســـەیفەدین خـــانی ئـــەردەڵان) بـــوو. حەسەن سـەلاح لـە ٢ی رەزبـەری ١٣٢٠ لــە ئــاوایی ساروقامیشــی جەخــەتوو، هاتبووەسەر دنیـا. ئـەو، پلەبـەرزەکانی خوێنــدنی لــە بریتانیــا، بڕیبــوو و شارەزاییەکی باشی لە زمانی ئینگلیـزی هـەبوو، بـە جۆرێك کـە بـە باشـی پێـی دەنووسی و وتاری بەم زمانە پێشکەش دەکرد.

حەســـەن ســـەلاح کـــە نازنـــاوی "سۆران"ی بۆ خۆی هـەڵ بـژاردبوو، لـە زانکۆکانی ئێران وانەی بە زمانی کوردی دەگوتـەوە. ئـەو، هـەر لـەو کاتـەدا کـە شاعیرێکی بـە هەڵوێسـت بـوو و لـە شـێعرەکانی دا، بـیری نەتـەوەیی و مـــافخوازی و دژایـــەتیی ســـتەم و چەوســـانەوەی پـــەرە پـــێ دەدا، نووســـەرو لێکوڵـــەرێکی کارامـــەش بوو. زیاتر لە ١٠ کتێب و بەسـەدان وتـــاری کـــورت و درێـــژی بـــڵاو کردۆتـــەوە. مامۆســـتا ســـۆران کـــە هـــەموو نووســـینەکان و وتـــارو لێدوانەکانی "بـە نـاوی کوردسـتانی گـــەورە" دەســـت پـــێ دەکـــرد، قەڵەمەکـەی بـۆ خزمـەتی زمـان و ئـــەدەب و مێـــژوو و کولتـــووری نەتەوەکەی خۆی تـەرخان کردبـوو. مرۆڤێکـی بـە هەڵوێسـت، ڕاشـکاو و بـوێر بـوو. هانـدەری خوێنـدکارانی کورد و لاوانی ئۆگری لێکۆڵینـەوە و کـاری زانسـتی بـوو و لـە بـواری جۆراوجۆر دا یارمەتیی دەکردن.

مامۆستا حەسەن سەلاح سۆران، کاتی خۆی وای پێش بینـی کردبـوو کـە مـەرگی ئـەو وەپـێش مـەرگی مامەقالـە (قالەمـەڕە) بکـەوێ. هـەر بۆیە لە یەکێك لـە هۆنراوەکـانی دا، وەسـیەت دەکـا کاتێـك کـە مـرد تەرمەکـەی لـە جامانـەی پێشـمەرگە وەپێچـن و "مامەقالـە"ش بـە سـۆزی نێـو گـەرووی تـاڵی و بەهـەوایی "خێڵگـەی خـاڵی"، بـە شمشـاڵ ڕەوانەی دوا مەزاری بکا. بەڵام واهات مەرگی مامەقالە وەپـێش مـەرگی ئـەو کـەوت و هـەر دووشـیان بـە ساڵێك مـردن. دیـارە مامۆسـتا "سـۆران" دەیزانـی "قالەمـەڕە" چ گەوهـەرێکی گرانبـەها و چ هونەرمەنـدێکی کـەم هاوتایـە. بۆیـە خۆشـی دەویسـت، قـەدری دەزانـی و، هەسـت و ڕوانینـی خـۆی لـە بـارەی ئـەو شمشـاڵژەنە، سـاڵانێك بـەر لـە مردنـی لـە تـابلۆ مووزیکالی "مامە قالە"دا، دەربڕیبوو.

"ئەدەب و هونەر" بە بۆنەی کۆچی دوایی ئـەم شـاعیرو ئەدیبـە بەنرخـە، سەرخۆشی لە بنەماڵەکەی و ئۆگرانی زمـان و ئـەدەبی کـوردی دەکـا. بـە دەرفەتیشـــی دەزانـــین بـــەم بۆنەیـەوە"ئـاڵای سـەر تـابووت" کـە یەکێك لە جوانترین هۆنراوەکـانی ئـەو شاعیرەیە بڵاو بکەینەوە.

# ئاڵای سەر تابووت

## پشکەش بە دایکی پشمەرگەی کوردستان

کوا پپشمەرگەی مەرگەساتم؟
پاشە مەرگەی رێی نەجاتم،
مندالی خۆزگە و ئاواتم،
خولقاوی رامیاری کاتم .
**************************

چەکم پێنووسێکی چووکە،
قامیشێکی سووک و پووکە،
سەنگەرم سەفحەی پەرتووکە،
ناسک وەک سەرپۆشی بووکە .
*******************************

خاکم گەورە و پان و جوانە،
رەنگە چەند هێندەی لوبنانە،
کانی مرۆڤی چازانە،
پر بەرهەمە و کانی کانە،
***************************

پێنج پارچەم و بێ پەرچەمم،
بۆخۆم شێعری مێژوی غەمم،
گەلێ زۆرم، کەچی کەمم،
من پەپوولەم، لە کوێ شەمم .
*******************************

لەگەڵ ئەمەش بێوڵاتم،
دەربەدەرێ کشوماتم،
ماڵ بەکۆڵی رۆژهەڵاتم،
لە رۆژهەڵاتیش هەڵاتم،
**************************

مارش و سروودیشم نیە،
گەر بیشم بێ، بە کوردیە،

جێی دەگەشە و قاچاغیە،
وەک ئاڵاکەم رەسمی نیە .
******************************

جا کە وایە – کاتێ مردم،
وەختێ ژینیان لە نێو برد،
کاتێ تەرمەکەتان بردم،
چونکە وام و چونکە کوردم،
******************************

لەسەر تابووتی بێدەنگم،
لەسەر مەیتی وست و مەنگم،
لەباتی ئاڵای بێڕەنگم،
لەجێی مارشی شینی شەنگم،
*******************************

جامانەی پپشمەرگە داخەن،
کە هەلۆی بەرزی ئەم شاخەن،
چون گوڵی سووری ئەم باخەن،
جێگەی شانازی ئەم چاخەن .
*********************************

مامە قالەش بە شمشاڵی،
بە سۆزی نێو گەروی تاڵی،
بە قامکی پڕ خەیاڵی،
لێدا هەوای خێڵگەی خاڵی .
*****************************

بەم چەشنە بمبەن بۆ قەبران،
بۆ نێو گڵکۆی شەهیدەکان،
شەهیدەکانی کوردستان،
کوردستانی گەورەی سۆران،

(تابلۆمووزیکال)

ح.س. سۆران

# مامە قالە (١) :



● – مامە قالە ! ئەی دەروێش عەبدوڵلای سۆران ، شمشاڵ ژەنـی مـەزنی رەبـەن ، رۆڵـەی زەمـان ؛ دەنگی زەنگـی خۆش ئاهەنگ و هەوای شەنگی کۆنی مێژو ، بیرخەرەوەی هەسـت بزوێنـی سـەردەمی زو ، پیـری دەوران ، ئـەی ئاهەنگسازی بە ئاوەز ، ئەی داهێنەری بێ نیشان . هاوڕێ

و هاوڕازی سۆزی ساز ، پارێزەری دنیایە راز ، هونەرمەندی شـازی بێ نـاز ، ئـەی ئیلهامی پڕ پەیامی قا م و بەیت و بەستە و ئاواز .

● – ئـەی دەوڵەمەنـدی دەسـتبەتاڵ ،هەناسەسـارد ، پسـپۆڕی لێدانی شمشـاڵ ، خۆێنـدکاری مەکتـەبی شوانی و دەشتەوانی ،ئەی قوتابی کێو و چیا و دەشت و دەوەن ، لێدەری شمشاڵی رەسەن ، رۆڵەی شەوێن(٢) و بانەمەڕ ، دەزگیرانی پەری جوانی ، چاودێری مەڕ ، وەستای ئیشی پەز و کـار و بەر خەوانی ، تۆ بازی دەوری تەرەغە و چیاکانی موکوریانی .

● – خولقێنـەری گـەنجی هونـەر ! خـاوە هونـەری گـەل پـەروەر ، دۆسـتی گیـانی گیـانی دوکتـەر(٣)، دەسـتبەتاڵی خـاوەن منـداڵ ، ئـەی پسـپۆڕی ئاکادێمیا و زانکۆی نـەزمی بـەزمی شمشـاڵ ، ماموەسـتای شوبێڕت و شۆپەن ، مێملی ئۆرگی یاماها و لۆتی بـەرقی و قـەمیش و فـەن ، رۆڵـەی زگمـاکی سـاکاری کۆنە هەواری ئێش و غەم ، پەپوولەی عاشقی کوردان ، سووتاوی تیشکی وشکی شەم ، وێڵی هەواری چۆڵ و هۆڵ و دەشت وچەم ، نانەوچنی نانی شوانی و مەڕرۆیی کاتی بەیانی ، پاکت ئەنجام دا پڕ بە دڵ ، لە هەوڵ و کار قەت نەتکرد سڵ ، رۆڵەی شاخ و داخ و بەرد بوی ، شوانی مەڕ و مەردی هەرد بوی .

● – مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خـەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشـو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو...

● – سۆزی لۆرەی شمشاڵەکەت ، هێزی هەستی شنەی مەستی جامی خەستی خەیاڵەکەت ،کزەی ئامێرە زاڵەکەت ،دڵبزوێنە و تۆشەی دڵە ، رامکەری مرۆڤی سڵە ، دەنگی هەزاری سەر چڵە . ئەو لاوژە و بەستە و حەیرانە ،بیرخەرەوەی کاتی زوە ، پەڕەی دیرۆکی زیندوە ، هی دەورەی بوداق سوڵتانە ، کە سەرداری موکوریانە ،خاوەنی قۆشـەی کوردانـەی زەربی (٤) خاکی کوردستانە ،سروەی باسەری ئێوارەی دەشتی چۆمی مەجید خان و بناری چۆمی لاوێن و هـەواری کۆنەلاجانـە ، شـەماڵی دەشتی شامات و نەسیمی گونـدی دریـازو شـەقەی مـاچی کچـی کۆڵانی ماچانـە(٥) ، شەقامی کۆنی مێژویی هـەرێمی شـاری وێرانە (٦) ، قەڵای سـەربەرزی سـەرداره ، کە بووکی شاری بووکانە(٧) ، کە شاری کاکە سۆرانە ، خوڕەی ئاوی شین و ئاویی کـەناری تاڤگـەیی کرژی هەرێمی کەسکی شەڵماشە ، خوڕێنی چۆمی کەڵوێیە و تـەوژمی گادەری پـەنگی خوڕ و پانە ، وەبیرهێنی شـاری سنە و ئـەمیرانی ئـەردەڵان و قەسـری کۆنی پاڵـەنگان و زرێبـارو قـەڵای کۆنی مەریوانە ، وەسفی کێوی ئاویەرەی بووکی شەنگی کوردستانە ، ئاورە سوورەکەی زەڕدەشتە ، کە رۆڵـەی شـازی سەردەشـتە ، مێـژوی شـاری چوارچرایـەو و مـەدحی پێشـەوای پێشـینە ، کـە خۆشەویستی خەڵکیە و سەرۆک کۆماری کوردانە .

● – مامە قالە !بە سۆزی دەنگی شمشاڵت ، بە قامکی پڕ خـەیاڵت ،بۆم لێدە مۆسیقای کۆنی پێشو ، بمبەرەوە بەرەو مێژوی سەردەمی زو .

● – ئەو شمشاڵە هەست بزوێنە ، خەم رەوێنە ، ناڵەی ئەشعاری ناڵیە ، تۆزی رێگەی شارەزوری هۆنـەرێکی رێگـەدوورە ، وەڵامـی نامـەی سالم و داری پیری پیرمەسوورە ، سنووری چۆمی خاپوورە ،هێند حەزنیە ، خەزێنە و کانی ئەسرینە ،سەبوونی دەشتی هـەولێر و گـەرمای گـەرمی گەرمیانـە ، شـەختەی کوێسـتانی قەندیلـە ،قیبلـەی قنجـی کوردسـتانە ،بـە وێنـەی بـەیتی دمدمـە و هەستی نەرمی مەموزینە . تەزبێحی میری لالەشە ، کتێبی مەسحەفا رەشە(٨) ، حەسێنەری رۆح و مێشک ومرخ و بیر و لەشە ، قەڵای کۆنی شاری دێرین ، هەولێر پێتەختی خوێن شیرین ، ماڵی ئێستای کوردە ژنە ، کە ژاندارکی کوردستانە ، جێگەی شانازی هەموانە .

● – ئـەو شمشـاڵەت، ئـەو ئامێرە پڕ لـە ناڵـەت ، رامدەچـەنێ ،مێژوی کوردم وەبیردێنـێ ، لـە ئۆقیانووسی خەیاڵدا ، لە نێو گۆلاوی هـەواڵ دا ، دەمباتـە بـەرزایی بـەرزان ، زێد و دروشمی چازانی ، شێخ سەلام و شێخ ئەحمەد و سەرۆک مستەفا بارزانی ؛ دەمباتەو سولەیمانی و شاری کۆنە ، شاری گەورەی مـەلیک مـەحموودی تاقانـە ، شـاری شـێعر و هەسـت و هونـەر، مینگـەی هۆنـە ، دەمباتـە سـەرگردی یـارە – گۆیژە و ئەزمـەر لـەوێ دیـارە –، دەمباتـەوە گردی سـەیوان ، گڵکۆی مرۆڤی خاوەن بیر ، مەکۆی هونەرمەند و هۆزان ،جێی شانازی هۆزی کوردان ، قەبرستانی شەهیدەکان ، شەهیدەکانی کوردستان ،کوردستانی گەورەی سۆران .

مانای بڕێک لە وشەکان :

(١) مامـە قالـە = ماموەسـتا قالـە مـەڕە ، شمشـاڵ ژەنـی ناسـراوی کـورد . (٢) شـەوێن = شـەو لەوەڕی ران . (٣) دوکتەر = نەمر دوکتور قاسملو ( ٤) زەرب ( زەربی قۆشـە و سکە ) . (٥) کۆڵانی ماچـان = جێگەیەکـە لای خـانێ . (٦) شـاری وێـران = شـارویرانی موکوریـان . (٧) بووکان = بۆکان . (٨) مەسحفا رەش = کتێبی پیرۆزی ئایینی هاو خوێنە ئیزەدیەکان . (٩) هرگە یا ورگە – کێوێکی رماوە سەیرە ، لە فەراغی چۆمی سیروان . ( ١٠ ) سەرەنجام = کتێبی ئایینی هاو خوێنە ئەهلی حەقەکان . (١١) عیلام = وڵاتـی کۆنی عیلام . (١٢) جابـان = شارێکی کورد نشینی لای تاران .

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
No. 519 22 Sep 2009

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org info@ kurdistanukurd.com
**www.kurdchannel.com :** Hotbird: 8 - MHZ: 11604 -
Polarization: Horizental - S R: 27500 - FEC: 5/6

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268

تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

بەر لەماڵاوایی

# تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی تیرۆرێکی سەلمێنراوی فەرامۆشکراو

مستەفا شڵماشی

ڕۆژی ٢٦ ی خەرمانانی ١٣٧١ ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی دیکە سەری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی گە لی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشانە گرت و سێهەمین ڕێبەر ی حیزبی دێموکرات و سەرکردەی بە وەجی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گە لی کوردی لە نێو جەرگەی ئوروپادا و لە کاتی بەشداری کردن لە کۆ نفرانسێکی نێونەتەوەیی گرنگ دا تیرۆر کرد.

لەو تیرۆرە ناجوانمێرانەیەدا جگە لە شە هید دوکتور سادقی شەڕەفکەندی سێ ئینسانی شۆڕشگێرو کادری سیاسیی هە ڵکەوتووی دیکەی ڕێگای دێموکراسی و ئازادی شە هید بوون. کاک فە تتاحی عەبدولی کادری بە وەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوونی ئەردەڵان، کادری بە وەجی حیزب و نوێنەری حیزب لە ئاڵمان و کاک نووری دیهکوردی چالاکی سیاسیی هە ڵکەوتوو دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

شەهید کرانی ئە و چوار ئینسانە هە ڵکەوتوویە ئە وەندەی زەربە بوو لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەوە ندەش ڕووڕەشیی و ئابڕوو ڕیزی بۆ کۆماری ئیسلامیی بە دواوە بوو. ئە و تیرۆرە لە ڕاددەی نیو نەتەوەیی دا تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامیی سەلماند. لە دادگایەکی بێ لایەنی وڵاتێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوو دا کاربەدەستانی ئە و کاتی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی ڕەسمی بە تاوانبار ناسران و دەستی جینایەتکاریان ڕووبوو.

ئە وەی جێگای سەرنج و لێ ووردبونەوەیە لە و مەسەلەیە دا ئە وە یە کە ولاتانی دنیا بۆچی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا ئە و بە ڵگە سە لمێنراوە بە کار نایەنن و لە بەرچی لە نیو تاوانباران دا تە نیا چە ند کە س لە مۆرە بچووکەکانی ئە و گە لاڵە جینایەتکارانەیە ڕاکیشی دادگا کران و سزایان بە سەر دا سەپا. گومان لەوە دانییە کە بەرژەوەندییە ئابوورییە کان لە زوربەی هەڵوێستە کانی دنیای ئە وڕۆ دا شوێنی گرنگیان هەیە. بە لاّم کە س بیر لەوە ناکاتەوە کە بەر ژەوەندییە کاتییەکانی ئابووری لە درێژ خایەن دا دەبنە هۆی پە یدابوونی قەیرانی ئابووریی ئەوتۆ کە شوێنەواری قازانجە کاتییەکان دەشواتەوە. چاوپۆشین لە جینایەتکارانی کارەساتی لە چە شنی کارەساتی میکۆنۆوس، ڕووهەڵماڵاویی جینایەتکاران و تیرۆریستان زیاتر دەکا. مە یدانیان بۆ دەرەخسێنێ و دەبێتە هۆی پە رەگرتنی تیرۆریزم کە ئە وەش بە نۆبەی خۆی نا ئەمنی لە جیهان دا بە بار دێنێ و لە مپەر دەخاتە بەردەم چالاکییە ئابوورییە کان لە سەرانسەری دنیادا.

بە خۆڕایی نییە کە ڕژیمێکی جینایەتکاری وەک کۆماری ئیسلامی سەرەڕای سەلمێنرانی تاوانی وەک میکۆنۆوس، بە روو هەڵماڵاوی لە زوربەی وەڵاتانی دنیا دا، بنکە تیرۆریستییە کان پەرە پێ دەدا و تە نانەت بەرەو خۆ نیشاندان وەک گەورەترین هێزی ناوچەیی تە ماعی بوون بە هێزێکی ئەتۆمییش دەی گرێ و بە وەرێختنی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی، تە واوی وەڵاتانی زلهێز و پارێزەری ئە منی جیهانی بە چالش دەکێشێ.

دیارە دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئامانجی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی بە دەرەجەی یەکەم زەربە لێدان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی گە لی کورد بوو. ئە و بە ڕاست بە و ئە نجامە گە یشتبوو کە هەرچەند گە ورەترین ڕێبەری حیزبی دێموکرات و گە لی کورد، دوکتور قاسملووی شەهید کردوە، بەڵام ئێستاش حیزب و جووڵانەوە سەریان ماوەو بە بوونی ڕێبەرێکی وەک دوکتور شەڕەفکەندی، کە لێنی نە بوونی دوکتور قاسملوو، هەر چەند زۆر گەورەیە، بەڵام ڕووخێنەر نییە.

ڕیژیمی کۆماری ئیسلامی باش دەیزانی کە ڕێبە رانی وەک دوکتور شە رەفکەندی کە هەم لە باری نەتەوەییەوە ساغ بۆوە و پێ داگرن و هەم لە چارەسەر کردنی گرفتە کۆمە ڵایەتییە کان دا بە توانان، گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای ریژیمێکی دوا کەوتوی وەک کۆماری ئیسلامین کە هەم دژی مافی گەلان و هەم دژی مافی هە موو ئینسانەکانە.

لە کۆتایی دا جێگای داخە کە تاوانبارانی ئاشکراو لە دادگادا ناسێنراوی ئەو تاوانە گەورەیە هێشتا بە سزای کردەوەکانی خۆیان نە گەیشتوون و ئەو تیرۆرە دەوڵەتییە سەلمێنراوە هە روا بە فە رامۆشی سپێردراوە.

٢٠٠٩/ ٩/١٦

# ویلاگنووس

## گۆشەیەك بۆ ناساندنی ویلاگە کوردییەکان

ویلاگی "ZARDIO"، ویلاگێکە تەرخان کراوە بۆ هەواڵ و ڕووداوەکانی جیهان، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو لاپەڕەیە لە لایەن فەرشاد حەیدەرییەوە بەڕێوە دەچێ و کورتەیەك لە هەواڵەکانی ئاژانسەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خۆ دەگرێ و بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بێ لایەنگری لە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی کارەکانی رادەپەڕێنێ.

ئەو ویبلاگەش وەك زۆربەی هەرە زۆری نووسراوەکانی دیکەی ئێران و کوردستان ئەم ماوەیە زیاتر هەواڵەکانی پێوەندیدار بە ململانێی دەوڵەتی کودیتاو خەڵکی ناڕازی سێبەری خستۆتە سەری و ئەم هەواڵ و ڕاپۆرتانەی تێدا دەبینرێن:

برنامه نود از فردا چالشیتر از قبل روی آنتن، رعدو برق در نماز عید فطر شهرستان هرسین از توابع کرمانشاه قوربانی گرفت، عکس: تصویر صفحه اول روزنامه ابتکار (دوشنبه ۲۹ شهریور)، انتقاد رهبر از فضای اتهام در جامعه، عکس: فرزندان احمدینژاد در نماز عید فطر، صداوسیما اعلام کرد: پخش میزگرد "عطریانفر، حجاریان، شریعتی" از روز سەشنبه. گزارش خبرگزاری دولت از درگیریها، ناجای کردستان: ترورها با هم مرتبطند و .........





بۆ زانیاریی زیاتر خوێنەرانی بەڕێز. دەتوانن سەردانی ئەم ناونیشانییە ئینتێرنێتییە بکەن:
http://www.zardoi.blogfa.com

# پێنج کورتە فیلمی کوردی بەشداری فیستیڤاڵی مەکدونی دەبن



٥ کورتە فیلمی سینەماکارانی کورد بە ناوەکانی "جێ ژوان" لە دەرهێنانی سەرکەوت محەممەدی لە شاری سنە، کورتە فیلمی "تازە بووك" لە دەرهێنانی ناجیە سەلیمی لە شاری بۆکان، کورتە فیلمی "مافوورەی دار" لە دەرهێنانی عەبدولڕەحمان میرانی لە شاری پاوە، کورتە فیلمی "ڕۆژێکی پڕ زام" لە دەرهێنانی سەتار چەمەن گولی لە شاری سنە، و هەروەها کورتە فیلمی "ئەو پیاوەی چوو بۆ سەیران" لە دەرهێنانی ڕەحیم زەبیحی لە شاری بانە لە فێسڤاڵی نێونەتەوەیی KOTA2023 لە وڵاتی مەکدونی پێشان دەدرێن. ئەم فێستیڤاڵە کە بە بەشداری ١٣٠ کورتە فیلم لە سینەماکارانی سەرتاسەری جیهان ١٤ تا ٢٠ سێپتامبر بەردەوام بوو.

# پەرویز مشکاتیان گەورە ئاوازدانەری ئێران کۆچی دوایی کرد



گەورە ئاوازدانەرو ژەنیاری ناوداری ئێران، پەرویز مشکاتیان ڕۆژی دووشەمە لەتەمەنی ٥٤ساڵی دا بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لەتاران ماڵاوایی لە ژیان کرد.

مشکاتیان لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٤ی شاری نیشابوور هەڵکەوتوو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران لەتەمەنی شەش ساڵییەوە لە لای بابی حەسەن مشکاتیان ژەنیاری بەناوبانگی سەنتورو ویۆلۆن و سێتار بە فێر بوونی موسیقا خەریك بووو پاشان لە زانکۆی تاران بە شێوەیەکی ئاکادیمی درێژەی بە خوێندنی موسیقا دا. ناوبراو لەگەڵ زۆربەی موسیقازانان و دەنگبێژانی بەناوبانگی ئێران وەك حسێن عەلیزادەو حەمەرەزا لوتفی و ناسر فەرهەنگ و شەجەریان بەرهەمی پێشکەش کردووە هەروەها لە ماوەی ژیانی بەنرخی خۆی دا زیاتر لە دووسەت بەرهەمی موسیقایی ئافراندو ١٨ کتێبی لە سەر موسیقای سوننەتی بە تایبەتی سەنتور نووسیوەو بە دەیان کۆنسێرتی لە ئێران و دەرەوەی ئێران بەڕێوە برد.

# "مافوورەی دار" خەڵاتی "کێوی دار"ی بردەوە



کورتە فیلمی "مافوورەی دار" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد عەبدولڕەحمان میرانی خەڵاتی "کێوی داری" لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی کوێستانی "مۆنشێن"ی لەهێستان بە دەست هێنا. ئەم فێستیڤاڵە بە بەشداریی ٣٣ کورتە فیلمی سینەماکارانی کوردو چەندین وڵاتی دیکەی جیهان لە ڕۆژانی ١٠ تا ١٣ی سێپتەمبر لە وڵاتی لەهێستان بەڕێوە چوو.

هەروەها کورتە فیلمی "مافوورەی دار" لە چەندین فێستیڤاڵی دیکەش خەڵاتی بەدەست هێناوە کە بریتین لە:

نیشانی "ورچی زێوین" لە خولی ٣٦ی فێستیڤاڵی فیلمی نەتەوەکان لە وڵاتی ئوتریش، ساڵی ٢٠٠٨.

- خەڵاتی یەکەمی فێستیڤاڵی "کامزیك" لە وڵاتی سلۆڤاکیا، ساڵی ٢٠٠٨.

- خەڵاتی دوویەمی بەشی کێبڕکێی نێونەتەوەیی خولی ٢٥ ی فیستیڤاڵی کورتە فیلمی "هامبۆرگ"، ساڵی ٢٠٠٩.

- خەڵاتی تایبەتیی بەشی پێشبڕکێی خولی ٥٧ ی فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی کورتە فیلمی "ترێنتۆ" Trento لە وڵاتی ئیتالیا، ساڵی ٢٠٠٩.

# بوختان کردن بە شەجەریان، ڕووهەڵماڵدراوییە بەرامبەرهەموو ئێرانییەکان

خانەی موسیقا لە سەر سووکایەتی کردنی دەستوپێوەندییەکانی دەوڵەتی کودەتا بە هونەرمەندی ناسراوی ئێرانی محەممەدرەزا شەجەریان، لە بڵاو کراوەیەکی دا نارەزایەتی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ: بوختان کردن بە شەجەریان ڕووهەڵماڵدراوییە بەرامبەر هەموو ئێرانییانی ئەهلی زانست و فەرهەنگ. ئەگەرچی لەو بڵاوکراوەیەدا ناوی کەسێکی تایبەت نەهاتوە بەڵام وادیارە مەبەست بابەتێکی ڕۆژنامەی "کیهان"ە کە سەر بە باڵی پاوانخوازی دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە. پێویستە بوترێ شەجەریان دوای ئەوەی ئەحمەدینژاد خەڵکی ناڕازیی بە پووش و پەڵاش شوبهاند داوای کرد بەرهەمە موسیقاییەکانی لە دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم دا بڵاو نەکرێنەوە.

# بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێکی گۆرانیی گرووپێکی خێر خوازی ئەمریکایی لە یەکێک لە بنکەکانی حیزب

دوو شەممە ١٦ خەرمانان یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاریی بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆنسێرتێکی گۆرانییان بۆ چەند لاوێکی ئامریکایی پێك هێنا. لەو کۆنسێرتە دا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە لاوان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوە چوو گرووپەکە کە لە پێنج لاوی ئامریکایی پێک هاتبوون چەند ئاهەنگێکی خۆش و هەست بزوێنیان پێشکەشی بەشداران کرد کە نێوەرۆکی گۆرانییەکان باسیان لە ئازادی و خۆشەویستی دەکرد. کۆنسێرتەکە زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند و دواتر بە شایی و هەڵپەرکێی کوردی کۆتایی پێ هات.

